# سینەمای کوردی و پێداچوونەوەیەکی سەرەتایی

نووسینی: ئاوات نامیق ئاغا
awatnamiq@hotmail.com


یۆڵ


دوای پەڕەکە کەوە


ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان

ئەمجار لەم بەشە باسەدا لە سینەمای کورد دەکۆڵینەوە و بەخێرایی لە بزاڤی فیلمسازیی کوردی لە جیهاندا بە سەرپێی دەدوێین. دواتر لە ئاست باشووری کوردستاندا لەنگەر دەگرین و بە زمانێکی کوردیی ئاسان هەوڵ دەدەین کە دوور و نزیک لێی بتوێژینەوە. لێرەوە وا چاکە ئەوە بوترێت کە هەر زانیارییەک بەبێ بەڵگە و سەرچاوە بخزێنرێتە باسێکی ئاواوە کە بە هەمووماندەمانەوێت سەرەتایەک بن بۆ بنیادنانی گەڕانی زۆرتر و بناغەدارشتنی لێکۆڵینەوەی هاوبابەت جێگەی هەڵوێستە لە ئاستدا کردنە. لەپاڵ ئەمەشدا ئەمانەتپاراستن وەک ڕەوشتێکی چەسپاوی نووسین مەرجە هەمیشە خەسڵەتی نەگۆڕی ئەم بابەتانە بن، بۆیە باسەکان لەوانەیە بڕێک درێژ بنوێنن، هەروەها پێویستە بڵێین کە ئەم باسە زۆرتر لە فیلمی درێژ دەکۆڵێتەوە و کەمتر خۆی لە قەرەی کورتەفیلم و بەڵگەنامەیی دەدا.
دەشێ پێوانەیەکی گشتی تائێستا نەبێت کە سینەمایەکی نەتەوەیی پێ هەڵبسەنگێنرێت، ڕەنگە بۆ هەر گەلەی پێوەرێکی جیاواز بگیرێتە بەر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سینەمای نەتەوەیی هەر گەلێک ئەو کایە مەعنەوییەیە کە لە ڕێگەی فیلمەوە چالاکانە ئەرکی پێناسەی ئەو گەلە دەگرێتە ئەستۆ، لە فەرهەنگەکەی دەکۆڵێتەوە و کار دەکاتە سەر هۆشیاریی نەتەوەیی بینەرەکانی خۆی. ئەو سینەمایەی کە خاوەنی کاراکتەری تایبەتی خۆیەتی و ئەگەر زمانەکەیشی لێ داببڕدرێت بینەری وریا ڕەنگە مەزەندە بکات، کە هی کامە نەتەوە یان وڵاتە!

فیلم ئەو ئامرازی پەیوەندییەیە کە لە ڕێگەی وێنەنیشاندانەوە لە یەک کاتدا کولتووری گێڕدراوە دەپارێزێت و دۆکیۆمێنت دەکات، کۆمەڵگاش ڕۆشنبیر دەکات و دەبزوێنێت.(١) ئەو چیرۆکەی کە خوێندنەوەی چەند ڕۆژێک دەخایەنێت، سینەما بە چەند کاتژمێرێکی کەم بەرجەستەی دەکات. ئەو هەر بۆ خوێندەوار نییە، خەڵکی نەخوێندەواریش تێی دەگەن و تامەزرۆیین! لە هیندستان زۆربەی بینەران خەڵکی بێدەرەتان و دوورئاوایین کە ڕۆژانە دەڕژێنە هۆڵەکانی سینەماوە، لە سۆڤیەت بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵکە نەخوێندەوارەکەی کە بە چەندین زمان و دیالێکت دەدوان «سینەمای شەمەندەفەرەکانی ئەگیت» هەبوون، کە لەم سەر بۆ ئەو سەری وڵاتیان تەی دەکرد و فیلمیان نیشان دەدا و دروستیش دەکرد.

## پێداچوونەوەیەکی مێژوویی و دەستپێکی فیلمسازی لە پارچەکانی کوردستان

وا دەردەکەوێت ئەو فیلمانەی کە پێشتر ئەرمەنییەکانی ئەرمەنستان لەسەر کورد دروستیان کردوون (چیرۆکەفیلم بوون یان بەڵگەنامەیی) سەرەتا بن بۆ ئەو فیلمانەی پەیوەستن بە کوردەوە، لەبەرئەوەی پێش ئەوان هیچ فیلمێک لەو ئاقارەدا بە دەر ناکەون، بەو پێودانگە فیلمی *لەژێر دەسەڵاتی کوردەکان*، ١٩١٥ کە مێرنیڤا بەرهەمی هێناوە و ٢٥ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بۆ یەکەم جار نیشان دراوە، دەچێتە خانەی یەکەم فیلم لەو بوارەدا. ئەم فیلمە گەرچی شوێنەواری نەماوە، بەڵام وەک دۆکتۆر بورهان شاوی، باسکار بە پشتبەستن بە هەردوو کتێبی «شاشەی سینەمای ئەرمەنستانی»، گریگۆری شاخیان، چاپی مۆسکۆ، ١٩٧١ و «سەرچاوەی فیلمە ڕووسییەکان لە پێش شۆڕشدا»، ڤیشینیڤسکی»، ١٩٤٥، چاپی مۆسکۆ ، ساغی کردۆتەوە. باس لە بەشداریی کورد لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکاندا دەکات! فیلمی دووەم، فیلمی *زاریا*، بێک نزارۆف ١٩٢٦، لە ڕوانگەی چینایەتییەوە لە ژیانی دانیشتوانی دێیەکی کوردنشین دەڕوانێت کە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و دروستبوونی سۆڤیەت، چۆن لاوە کوردەکان بە فەرمانی قەیسەرەکان بۆ بەرەکانی جەنگ ڕاپێچ دەکران و لەوێ تیا دەچوون، لەپاڵ چیرۆکی خۆشەویستیی «سەعید»ی شوان و «زاریا»ی کچەهەژار و بەرەوڕووبوونەوەی تەیمور بەگی پیلانگێڕ و نەگریس. ئەم فیلمە لە دەقێکی لازۆی دانەری یەکەم «ئەلف و بێ»ی کوردەکانی سۆڤیەتەوە وەرگیراوە، گەرچی نزارۆف ئاماژەی پێ ناکات. شاوی وا باس دەکات کە ساڵێک دوای فیلمە بەناوبانگەکەی کەشتییەجەنگی پۆتمکین، ئەزنیستاین ١٩٢٥ نیشان دراوە و جێگە پەنجەی ئەزنیستاینی بەتایبەت لە بەکارهێنانی کەسانی نائەکتەر و نائەکتەرەس و گۆڕانی هێڵی دراماییەکەدا بە ڕوونی پێوە دیارە و بە گەرمی لەلایەن بینەرانەوە پێشوازی کراوە. ئەنجا ئامومارتیروسیان، کە پێشتر لە *زاریا* دا ڕۆڵی زۆربا دەبینێت لە



یەڵماز گونەی



هونەر سەلیم



بەهمەنی قوبادی

سیناریۆی بەرخورداریان و بلاسانیان فیلمی *کوردە یەزیدییەکان*، ١٩٣٢ دەردەهێنێت، کە باس لە ڕژدی و چنۆکیی پیاوێکی ئایینیی شێخەدێیەکی یەزیدیان دەکات، جگە لە بەگژداچوونەوەی «زینا»ی کیژە مامۆستای دێ و «جەلال»ی شوانی بێچارە.(٢) بەو جۆرە دواتریش چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی دی لەسەر ژیانی کوردەکان لەو وڵاتە بەرهەم هێنراون، کە ئەوانیش بریتین لە *کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت* ١٩٥٩، *ئێمە ئینتەرناسیونالیستین* ١٩٧٩، *ئێمە کوردین* ١٩٨١، وەچەند فیلمێکی دیش کە وەک ئەوەی پێڕست نەکراون دۆزینەوەیان سەختە لەوانە *کۆماری مەهاباد*، ١٩٤٧، کە ئازەربایجانییە و لە باکۆ پارێزراوە.(٣)

گەرچی ئێران دەمێکە و هەر لەساڵانی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠ـەکانەوە هەندێ فیلمی تێدا بەرهەم هاتوون کە گوزارشت لە ناوی کورد و خاکەکەی دەکەن، وەک *حسەین کورد*، *سوارەکانی کوردستان*، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فیلمە بەڵگەنامەییەکانی "تەیمور پاتایی" کە قوتابی دەرچووی قوتابخانەی هونەرەجوانەکانی زانکۆی تارانە هەر لە ساڵانی ١٩٧٠ بەدواوە تا *نان و ئازادی* ١٩٨٤ سەرەتا دەبن(٤) و ئەم ئامرازە ئێستا گەیشتۆتە دەست قوبادی و خێزانەکەی لەناویاندا، عەلی ڕەزای ڕەزائی و کۆمەڵە فیلمسازێکی گەنج.

لە باکووری وڵاتیش فیلمەکانی کیرێ *(مێگەل)*، ١٩٧٨، یۆڵ *(ڕێگا)*، ١٩٨٢ و *گیلاس و سەهین* ١٩٨٢ی یەڵماز گۆنای کە وەک باس دەکرێت ناسێنەری «سینەمای شۆڕشگێڕ»ە،(٥) بە سەرەتای دامەزراندنی سینەمای کوردی دادەنرێت لەکاتێکدا ئەوانە نە دەستەی بەرهەمهێنانەکانیان کورد بوون، نە زمان و پۆشاکی ناو فیلمەکانی. گەرچی هەنووکە لەوێ (مەڵبەندی کولتووری میسۆپۆتامیا) کارەکەی لە دەستدایە و کەم و زۆر ساڵانە لە ئەوروپاوە بە خەڵات پارەیەکی دەگاتە دەست کە تورکیا بۆ بووژانەوەی کولتووری بە کاری بهێنێت، بەڵام تا ئێستا کورد سوودێکی ئەوتۆی لەو پارانە وەرنەگرتووە و خۆیشی سەرمایەیەکی ئەوتۆی نییە و هەلەکانی لەو بوارەدا سنووردارن.(٦)

مەخابن هیچ زانیارییەک سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان تا ئێستا لە ئارادا نییە و بەکردەوە بەرهەمهێنانی فیلم لەوێ نییە، گەرچی سوریا لە ١٩٢٨ەوە فیلم بەرهەم دەهێنێت و ئەزموونەکەشی لەو بوارەدا لە دوای میسر، بە دووەم دەژمێردرێت و تا ١٩٧٨، خاوەنی سەد فیلمی خۆی بووە.(٧) لەکاتێکدا دەرهێنەرە کوردەکانی ڕۆژئاوای وڵات لە باکووری ئەمریکا و ئەوروپا کار دەکەن.(٨) و وەک کاک جەواد مەلا دەڵێت: "سوریا مافی هاووڵاتیبوون بە کورد ڕەوا نابینێت، ئێستا دەهێڵێت کورد سینەمای هەبێت!"(٩) پێدەچێت کوردەکانی لوبنان و ئەردەنیش دۆخیان لەوان باشتر نەبن، ئەگەرچی ئەو دوو وڵاتەش خاوەن سینەمای تایبەتی خۆیانن.

لە باشوور ئەوەی تائێستا زانراوە دەستپێک دوو فیلمن کە ساڵانی ١٩٥٠کان بەرهەمهێنراون کە هیچیان نە دەرهێنەر، نە سەرمایە و دەستەی بەرهەمهێنانەکانیان کورد نەبوون، ئەنجا *مەم و زین*، ١٩٩٠ لە دەقێکی عەرەبی هەڵبژێردراوە و جارێکی دی کراوەتەوە کوردی کە دیارە ئەویش بە بیانووی شەڕی کەنداوی ١٩٩٠–١٩٩١ بەرهەم نەهات، دواتر *نێرگز بووکی کوردستانە*، جەعفەر عەلی ١٩٩١ و بەرهەمهێنانی مەکی عەبدوڵڵا. ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٠ دەستکرایە بەرهەمهێنانی کە عیراق کوێتی داگیرکرد و پاشان لە کوردستانی ئازادکراو تەواو کرا.(١٠)

پرۆفێسەر ئەمیری حەسەن پوور دەبێژێت: "لە ١٩٧٠کاندا کۆمەڵێک قوتابی لە بەغدا خوێندنیان تەواو کرد، بەڵام هەرگیز ئەمانە وەک کورد نەیانتوانیوە خۆیان بناسێنن و وەک گرووپێکی کوردی پێکەوە کار بکەن"..(١١) ئەگەرچی پرۆفێسەر پور، ناوی کەس ناهێنێت و ئەستەمە ئێستا کەسێک هەبێت ئەو زانیاریانەی لێ وەربگیرێت. بەڵام پێدەچێت ئەو کۆمەڵە و نەوەی پێش ئەوانیش هەندێ لەو ناوانە بن کە لە کتێبەکەی، تەنیا فیلمۆگرافەر(١٢)ی تا ساڵانی ١٩٩٠کانی عیراق «ئەحمەد فەییاز ئەلموفرەجی» (فنانوا السینما فی العراق، الموسسە العربیە للدراسات و النشر، بیروت ١٩٨١)دا هاتوون، ئەویش هەر بەو پێوەرەی کە کاتێ ناوی هونەرمەندە فیلمسازە عەرەبەکان دەهێنێت، بیری ناچێت ڕاستەوخۆ جێگەی لەدایکبوونیشیان بەرەودوا دەستنیشان بکات، بەڵام لە ئاست ناوی چەندانی وەک خەلیل شەوقی، ئیبراهیم مەحموود جەلال، جەعفەر عەلی، ڕەفعەت عەبدولحەمید، شەکیب ڕەشید، عەبدولجەبار وەلی، کامەران حسەین، عەبدولقادر تۆفیق و یەحیا فائق، هەڵوەستە دەکات و دەیانکات بەژێر لێوەوە! من سەرەڕای دڵنیاییم لەوەی ئەوانە گەلێکیان کوردن و وەک ئەوەی جێگەی لەدایکبوونی زۆرینەیانی دیاری نەکردوون، بە زرنگەی ناوەکانی ئەوانی تریش لە گوێدا گومان دەکەم کە عەرەب بن!!

ڕەنگە ئەلموفرەجی نەیتوانیبێت کوردبوونیان ئاشکرا بکات هەروەک دەشێ لەژێر سانسۆری توندا نالاندبێتی! بەڵام ئەوانیش هیچ بەرهەمێکیان نەبووە کە گوزارشت لە کوردبوونیان بکات. بەم جۆرە هەرگیز *سعید افندی*، کامەران حوسنی، ١٩٥٧، *الجابی*، جەعفەر عەلی، ١٩٦٦ و *الحارس*، خەلیل شەوقی، ١٩٦٨، بە فیلمی کوردی ناژمێردرێن تەنیا لەبەر ئەو هۆیە، بەڵکە بەپێچەوانەوە فیلمێک دەبێتە کوردی



ئەمڕۆ و سبەی



مەم و زین



ژیان

ئەگەر بێت و چەندانێک لە زمانی، چیرۆکەکەی، ئاخاوتنی فیلمەکە، پۆشاکی، مۆزیکی، جێگەی وێنەگرتنی ...تاد کوردی بن.

ئەفسۆس کە ئەمێستا ئەلموفرەجیش لە ژیاندا نەماوە و ناوەڕاستی ١٩٩٠کان خۆی و تێکرای ئەرشیف و پەڕاوخانەکەی پێکەوە دەسووتێنێت! بەڵام هەروەک سەمیر فەریدی ڕەخنەگری دیاری سینەما، کاتێ لە کتێبەکەی مەهدی عەباس (دلیل الافلام العراقیە) ١٩٩٧ دەتوێژێتەوە، بۆی دەچێت کە، "مێژوو لە سایەی ڕژێمە فاشییەکاندا تەنیا لە ڕوانگەیەکی یەکلایەنەوە دەنووسرێتەوە، بەڵام ڕژێمە عەرەبییە تۆتالیتارییەکان گۆڕین و لابردنی زانیارییەکانیشی دەخەنە سەر"! ئەوەتا لە لایەکی دیکەوە سەرنج دەدات کە عەباس بە هیچ کلۆجێک پەنجەی بۆ توێژینەوەکانی ئەلموفرەجیش ڕانەکێشاوە، ئەو پیاوەی کە لە ساڵی ١٩٧١، تا خۆکوشتنی، ژیانی خۆی بۆ فیلمۆگرافیای فیلمە عیراقییەکان تەرخان کردبوو[١٣] کە دیارە ئەگەر هەوڵی ئەو نەبوایە، نە عەباس ئەو کتێبەی بەرهەم دەهانی و نە ئێمەی کوردیش لەناو ئەو چل و هەشت ساڵەی فیلمسازیی عیراقدا کە بە *ابن الشرق*، نیازی مستەفا ١٩٤٦ و *القاهره و بغداد*، ئەحمەد بەدرخان ١٩٤٦، دەست پێ دەکات تا دەگاتە *افترض نفسک سعیدا*، ١٩٩٤، کە عەباس لێیان دەکۆڵێتەوە.[١٤] ڕاست و دروست مەزەندەی هەوڵ و تەقەلاکانی خۆمان پێ دەکرا.

بەو جۆرە لە کۆی ١٠١ فیلم کە بەرهەمهێنراون پێناچێت بەشە کوردییەکەی لەو پەڕیدا بگەنە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک، لەنێویاندا نێرگز بووکی *کوردستانە*، کە سەرەڕای سەرنجی نەرێنیی هونەرمەند مستەفا ئەحمەد.[١٥] بە سەرەتایەکی دەوڵەمەند بۆ سینەمای کوردی دەژمێردرێت و پێکەوە لەگەڵ مەم و *زیندا*، پرۆفیسۆر پور بە سەرەتای لەدایکبوونی سینەمای کوردی ناوزەدیان دەکات.[١٦]

نێرگز بووکی *کوردستانە*، لە کێشەی بە زۆر بەشوودان دەکۆڵێتەوە کە تا هەنووکەش کۆمەڵگای کوردی پێوەی دەناڵێنێت. هەروەک ئەوەی کە بیرۆکەی ئەم فیلمە بەسەرنەچووە و ئێستاش بۆ ئێمە فیلم لەسەر ژن بە ژن و گەورە بە بچووک و فرەژنی و ...تاد پێویستن.

کورد ئەگەرچی زۆرینەی بە پیلانی بەعس هەر لە بڵاوبونەوەی نامیلکەکەی «سەنگەرێک یان دوو سەنگەر»ی سەددامەوە، لادێ نشینانی ڕاگوێزان و بە زۆر کرانە شاری و نیوەشاری، کەچی مەخابن تەنانەت لەنێو شاریشدا ئەو دیاردە دزێوانە بنەبڕ نەبوون و دەشێ بوترێت یەک لەو دیاردانە کە فرەژنییە لەناو دەسەڵاتی باڵایشدا تەشەنەی کرد!! هەمان کێشەی کە عوسمان سەمبینی، فیلمسازی بەناوبانگی سەنیگال، لە *خالە*، ١٩٧٦دا بەرجەستەی کردووە، کاتێ کە لە ژن نوێکردنەوەی سەرکردەیەکی ڕامیاریی وڵات دەکۆڵێتەوە. ئەم دەرهێنەرە هێندە لەگەڵ بەدەرخستنی دزێوییەکانی وڵاتەکەیدا ڕاستگۆیە، هەنووکە دوا فیلمیشی *مۆلادی*، ٢٠٠٤، هێشتا باس لە خەتەنەکردنی کیژان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە سەنیگال ساڵەهایە دەوڵەتە، کەچی سەمبینی پێی نەنگ نییە ئەو دیاردانە زەق بکاتەوە.

## ئایا سینەمای کوردی هەیە؟

جانۆ ڕۆژبەیانی وا باس دەکات کە سینەمای کورد بوونی نییە.[١٧] بەهمەنی قوبادی دەبێژێت: "... مایەی شەرم و دڵتەنگییە کە سەد ساڵ دوای لەدایکبوونی سینەما، ئێمە تائێستا لکێکمان نەبێت ناوی «سینەمای کوردی» بێت."[١٨]

یەک لە ڕەخنەگرانی بێگانەی سینەماش دەنووسێت، بیر لە سینەمای کوردی بکەرەوە، دەتەوێت ئەو چیا بەگوللەدابێژراوەی کوردستانی ئێرانت بیر بکەوێتەوە کە لە تەختەڕەشی مەخمەڵبافدایە یاخود ئەو منداڵە هەتیوە نائومێدانەی کە ئازایانە لە ساتێک بۆ *مەستیی ئەسپەکان*، بەهمەنی قوبادیدا، بە گژ پلەی گەرمیی ژێرسفر و کێڵگەی بەمینچێنراودا دەچنەوە.[١٩] ئەمانە و گەلێ بۆچوونی جۆراوجۆری دی سەبارەت بە بوون و نەبوونی سینەمای کوردی، دوور و نێزیک لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو و ئەم پێنج ساڵەی سەرەتای سەدەی نوێدا، دوای سەرهەڵدانی چەند فیلمێک و دەنگدانەوەی ناوی چەند فیلمساز و دەرهێنەرێکی کورد و ناکورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا یاخود لە ئەوروپا و وڵاتانی دی، کە کەم و زۆر چێوەیەکیان بۆ سینەمای کوردی کێشاوە، هاتوونە گۆڕێ.

ئەگەرچی کازم ئۆزی دەرهێنەر پێی وایە کە نزیک کەوتنەوە لە کێشەکانی کورد لە بەرهەمهێنانی فیلمدا دوو ڕێبازی جودای تێدا هەن، یەکەمیان هەوڵدان بۆ خزمەتی گەل و کێشەکەی و دووەمیشیان بەو



تۆزقاڵێک لە ئازادی



گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم



تەختەڕەش


گەلەگورگ


تونێل



بەهەشتێکی سووتاو

پێودانگەی کە دەڵێت: "بیگرە ئەگەر دەیتوانی"، کە دیارە ئەمەی دوایییان مەبەستی لە خۆبنیاتنانی فیلمسازەکانە لەسەر شانی یارکردن بە کێشە نەتەوەیییەکان بۆ ناو ناوبانگ پەیداکردنی خودی.(٢٠)

ئیدی چۆن بە فیلمێکیش بوترێت ئایا کوردییە یان ناکوردی برێک کارێکی ناهەموارە و بۆچوونی جیاوازمان لا دروست دەبن. کە داخۆ فیلمی کوردی ئەوانەن کە باسی باری ژیان و کێشەکانی کورد ئەکەن گەرچی دەستەی فیلمەکە و زمانی ئاخاوتنی کوردی نین، وەک فیلمە بەڵگەنامەییەکەی، *کوردی باش، کوردی خراپ*، کێڤن ماکێرنەن ٢٠٠٠، *هێرشی گازی*، کێنی گلینانس، ٢٠٠١ و *پەنابەر*، نایجل رۆف، بارکەر ٢٠٠٢؟ یاخود دەستەکەی زۆرینەی کوردن، زمانەکەی بە کوردییە و لە کوردستان وێنەگیراوە وەک *تەختەرەش*، سەمیرە مەخمەلباف، ١٩٩٩ و *کیسەڵیش دەتوانن بفرن*، بەهمەن قوبادی، ٢٠٠٤؟ یان پارەکەی لەسەر کورد بووە وەک *نێرگز بووکی کوردستانە*؟ کارەکتەرەکانی کوردن و لە داستان یان چیرۆکی کوردییەوە هەڵێنجراون وەک، *مەم و زینی*، ئومێد ئەڵچی ١٩٩١؟(٢١)

ئەی فیلمەکانی لە تاراوگە(٢٢) بەرهەم دەهێنرێن چۆن پێناسە بکرێن. ئایا ئەو پێوەرانە چین کە فیلمێک دەخەنە خانەی سینەمای کوردەوە، ئایا پێویستە لە کوردستان بەرهەم هاتبن یاخود فیلمەکانی ئەوانیش وەک: هەردوو فیلمەکەی مەهدی ئومێد، *گەلەگورگ*، ١٩٩١، (کازاخستان) و *تونێل*، ١٩٩٣، (تاجیکستان)، نیزامەدین ئاریچ، *گۆرانییەک بۆ بیکۆ* ١٩٩٢، (ئەرمەنستان) و ڕێبوارە بێ دەنگەکان، ئیبراهیم سەلمان، ١٩٩٤، (یۆنان)، هەردوو فیلمی ڤیدیۆی چارەنووس و *ئاسۆ*، سەلمان فایەق (سوێد)، *بەهەشتی سووتاو*، ئاراس ڕەشید ١٩٩٩، (سوێد)، *ئەمرۆ و سبەی*، سەربەست ڕەسوڵ، ٢٠٠٢، (سوید، ڕووسیا)، *تۆزقاڵێک لە ئازادی*، یۆکسەڵ یەڤوز، ٢٠٠٢، (ئەڵمان)، *ڤۆدکالیمۆن*، هونەرسەلیم، ٢٠٠٣، (ئەرمەنستان، فەرەنسا، ئیتالیا، سویسرا)، *دوای پەرەکە کەوە*، نورای سەهین، ٢٠٠٤، (ئەڵمان)....تاد هەر بە سینەمای کوردی دەقەبڵێنرێن؟!

سینەما وەک هەر بابەتێکی تری هونەرەجوانەکان نییە بە یەک یان دوو پێوەر پێوانە بکرێت. لە یەک کاتدا لە توێی فیلمدا، ئەدەب، مۆزیک، نیگار، شانۆ و سەما...تاد دەگرێتە خۆ. ئەو وەک دەقێکی ئەدەبی نییە، ئەگەر بە کوردی نەنووسرابێت نەتوانین بڵێین کوردییە! مۆزیک نییە کە تەنیا بە ئامێرەکان یان بە پەیژەی نۆتەکانی جوێ بکرێتەوە! ئەو زۆر جار بێ دەنگە و کەچی زمانێکی جیهانییە و هەموو مرۆڤایەتی لێی تێدەگەن، وەک فیلمەکانی چارلی چاپلن و تێکڕای فیلمەکانی قۆناغی سەرەتای پەیدابوونی سینەما. بۆیە هەمانکات بە هەر یەک لەو کاراکتەرانە یان زۆرتر دەشێ فیلمێک ببێتە هی زۆرتر لە گەلێک یان وڵاتێکیش. قوبادی لە وەڵامی پرسیارێکدا لەمەڕ *کیسەڵیش دەتوانن بفرن*، دەڵێت: "ئەوە نوێنەری کورد و ئێران بوو...."(٢٣) لەکاتێکدا ئەو فیلمە هەموو دەستەکەی، جگە لە وێنەگر، کورد بوون. بەڵام خۆی وتەنی؛ ناتوانرێت فیلمێک بە ناوی کوردەوە بنێرێتە فێستیڤاڵە جیهانییەکان، دەبێت یان بە ناوی عیراقەوە یان ئێرانەوە پێشکەش بکرێن، هەروەک ئەوەی کوردستان بە ڕەسمی لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە نەناسراوە.(٢٤) هونەر سەلیم ئەمساڵ *کیلۆمەتری سفر*، ٢٠٠٥ی بە ناوی عیراقەوە لە "فێستیڤاڵی کان"دا بەشدار پێکرد. بەو پێیە تا خۆمان و خاکەکەمان بە لکێندراوی بەو دەوڵەتە داگیرکەرانەوە بمێنینەوە، فیلمەکانیشمان، هەر بە ناوی ئەوانەوە دەبن! ئەمە لایەنە ڕامیارییەکەی کێشەکەیە کە پێکەوە لەگەڵ کێشە ئابووری و تەکنیکییەکەدا سێ ڕێگری سەرەکین لە بەردەم لە دایکبوونی سینەمای کوردیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گەل و وڵاتێک لەسەرەتادا سینەمای لە ١٠٠٪ هی خۆیی نەبوون، ئەگەر هونەرمەندانی خۆیی بووبن ئەوا تەکنیکارانی زۆرینە هەر بێگانە بوون و پارەی تێچووی دەرەکی بووە، بە نموونەی فیلمەکانی وڵاتە ئەفریقاییەکانی وەک گانا و سەنگال، مالی، مۆزەمبیق، ...تاد، کە زۆرینەی بەرهەمهێنەرانیان پارەی ئینگلیزی و فەرەنسایی و سکەندەناڤیایین.

لە لایەکی دیکەوە دەکرێت کە پارەی تێچووی فیلمەکە هی ئەو وڵاتە خۆی بێت و دەرهێنەر، بەرهەمهێن، ئەکتەر و ئەکترەسەکان بێگانە بن، وەک ئەو فیلمە عیراقییانەی کە سەلاح ئەبوسەیف یان توفیق سالح دروستیان کردوون یان سەلاح مەرسی سکریپت نووسیان بووە. عیراق پێشتریش فیلمەکانی هەموو بەرهەمی هاوبەش بوون لەگەڵ لوبناندا. تا "*علیا و عصام*"ی ئەندرێ شاتان ١٩٤٨، هاتە بەرهەم کە بە یەکەم بەرهەمی پوختی عێراقی دەناسرێت! خۆ میسریش سەرەڕای ئەزموونداری لە سینەمادا سەرەتا بۆ بەهاپەیداکردن بۆ فیلمەکانی بە چەندین ئەکتەری لوبنانی وەک بەشارە واکیم و گۆرانیبێژانی وەک فەرید ئەترەش و ئەسمەهانی خوشکی و سەباح ..تاد دەوڵەمەند کردووە(٢٥) و فیلمەکان هەر بە میسرێتی ماون.

## گرفتەکانی سانسۆر و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە

سانسۆری ئەو وڵاتانەی کوردیان لەناودا بەشراوەتەوە هەر یەک بە جۆرێکن، بەڵام هەموو لەوەدا یەک دەگرنەوە کە کێشە نەتەوایەتیەکەی دزە نەکاتە نێو ئەندێشەی بینەرانی و سەرئێشە بۆ حوکمی شلۆقیان دروست نەکات. ناسر حەسەنی دەرهێنەر وتی کە سانسۆری دەوروبەر ناهێڵێت بەرهەمی باشمان هەبن، لەبەرئەوەی توانای شوشتنەوە لە کوردستاندا نییە، کاتێ

فیلمەکە بۆ وڵاتێکی دراوسێ دەنێردرێت دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی مقەستی دامەزراو و تاقیگەکانی ئەو وڵاتانە،[٢٦] لەو لایەنەوە ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێت بوترێت کە: ئەگەر ژێربەژێریش فیلمساز لەگەڵ جێگەیەک ڕێک بکەوێت و فیلمەکەی بۆ بشۆنەوە، لەو کاتەدا کە فیلمەکە لە پڕۆسەی ترشکردندایە کاتێ سانسۆر یان ناحەزێک پێی زانی، ڕەنگە لە بنەڕەت کارەبایان لێ بکوژێننەوە و بەو جۆرە ڕەنگی هەموو فیلمەکە دەگۆردرێت و تێک دەچێت.[٢٧]

یەڵماز گۆنای نەیدەتوانی، پۆشاک و زاراوەی کوردیش بە کار بهێنێت لە فیلمەکانیدا. عیراقی سەددام ئەوەندە سەرسەخت بوو لە دەقێکی وەک «مەم و زین»ی دەماودەم گێڕدراوەش سڵی دەکردەوە و لەتاودا دەقێکی عەرەبی بەگەن کرد و کرایە سیناریۆ و سەرەنجام ئەویش ڕانەپەڕێندرا.

کریس کۆچێرا دەڵێت: "قوبادی لە *ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان*"، ٢٠٠٠دا کێشەی لەگەڵ سانسۆردا بۆ دروست بووبوو، کە چۆن ڕێگەی نمایشکردنی فیلمەکەی پێ بدەن، کرداری سەرخۆشکردنی ئێسترەکان نیشان بدا، وەڵامەکەی ئەوە دەبێت کەوا "ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەوانەی سەرخۆشن ئێسترن!"[٢٨] لە ئێران سانسۆر لەسەر سکریپت ئەنجا نیشاندانیش هەن، کەچی هێشتا ئەمە بە بەرەوپێشچوون دەخوێنرێتەوە، هەروەک ئەوەی کە بەر لە بزووتنەوەی چاکسازی ساڵی ١٩٩٧، سانسۆر چوار بوون و تەنانەت لە کاتی وێنەگرتنیشدا دەبوو دەوڵەت ئاگادار بێت.

کێشەیەکی دی پەیداکردنی لایەنی بەرهەمهێنانە، وەک ئەوەی کە ئێستاش دەوڵەت هەموو خەرجی فیلمەکان ناخاتە ئەستۆ و بەرهەمهێنەرانی ناوخۆش ئەو توانایەیان نییە جگە لە بێمەیلیی سەرمایەدارانی کوردستان لە پارەخستنەگەڕ لەم پیشەسازییەدا کە بە ڕێژەی کوردەوە هێشتا نوێیە، بۆیە فیلمساز دەبێت بۆ بەرهەمهێنی دەرەکی وەک کۆمپانیایەک بگەڕێت کە هاوبەشی بەرهەمهێنان بکات و سەرمایە بخاتە کار. دیارە بێگانەش هەر یەک مەرجی خۆی دەبێت لە بەرهەمهێناندا کە دەرئەنجام دەبنە فشار بۆ سەر فیلم و دەرهێنەر. بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیایەکی ئەورووپای هەڵبکەوێت، ڕەنگە ئەو وا مەرجێکی هەبێت کە بەبێ نیشاندانی چەند دیمەنێکی ڕووت بەشداری نەکات بەو پێیەی کە بینەری نابێت و پارەکەی دەدۆڕێنێت. یاخود لەوانەیە کۆمپانیایەکی ئێرانی مەرجی سەرپۆشینی ئافرەت دابنێت بۆ بەشداریکردن لە فیلمێکدا یان بڵێت کە نابێت پیاو و ژن بەر یەک بکەون کە ئەمانە هەمووی دژوارین و دەبێت بەرهەمهێن و دەرهێنەری کورد چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. لێرەوە پێویستە ئێمەش هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگەکەمان بکەین. بە نموونەی ئەمە نابێت وای لێ بێت کە هەر لەبەرئەوەی کە فیلمسازێک یا سینەمای وڵاتێک دەخوازن، کورد، زۆرینەی نەخوێندەوار و نابووت بکرێن یاخود هەمووی کەمئەندام بن کە دیارە ئەو توێژاڵە بەشێکی زیندوو و بەپێزی کۆمەڵگای کوردەوارین و نکوڵی لە گرنگیان ناکرێت! دیسانەوە بەرجەستەکردنی کەسانی کەمئەندام کە جێگەی ئافەرینە، کاراکتەرێکی گرنگی فیلمەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمن. وەک چۆن سەمبینی لە *خاڵە*دا دەیانی لەسەر شەقامەڕێی لێپرسراوەکەی دەوڵەت مۆڵ داوە کە گشتیان بە قنگە خشکێ و گاگۆڵکێ دەڕۆن. بەڵام یەکجار زۆر بە خەستیش خزاندنیاننە فیلمەکانەوە، کورد وەک ئەفەریقاییەکانیان لێ دێن کە بە فشاری کۆمپانیا ڕۆژئاوایی هاوبەشەکان هەموو وەک خەڵکی سەرەتایی و سەیروسەمەرە لە فیلمەکانیاندا دەردەخرێن.

سەرەڕای ئەوە سەبارەت بە کەمیی هۆڵەکانی سینەمای وڵات و سنووردارییی ژمارەی بینەرانی خۆیی دەبێت فیلمساز و بەرهەمهێن هەوڵی دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکی بدەن و بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمیش دەبێت ئەوە بوترێت کە یەک لە ڕێگە چاکەکانی جەماوەرپەیداکردن و بڵاو کردنەوەی فیلم فێستیڤاڵە ناوەکی و دەرەکییەکانی سینەمان، کە فیلمێک و بەرهەمێک بە بینەر دەناسێنن، بۆیە فیلمساز دەبێت تا دەتوانێت هەوڵ بدات فیلمەکەی لە زۆرترین فێستیڤاڵدا بەشداری پێ بکات، ڕاگەیاندنی بەربڵاوی بۆ بکات و نیشانی زۆرترین ژمارەی بینەرانی بدات، تا بۆی ئاشکرا بێت کە کێ و کام وڵات و کام فێستیڤاڵ و هۆڵی سینەما پێبەپێی مەیلی بینەرانیان بەرهەمەکەی پەسەند دەکەن و لێی وەردەگرن. ئەگەرنا ئەوا تووشی کارەسات دێت و فیلمەکەی دەبێت بە دوابەرهەمی. بۆیە وەک دەوترێت دەبێت فیلمساز فرۆشیارێکی چاکی فیلمەکەشی بێت.

## باشووری کوردستان و سینەما

بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری وڵات، باشووری کوردستان وای لێ چاوەڕوان دەکرێت کە لە ماوەیەکی نزیکدا، ببێتە خاوەن سینەمایەکی سەرەتایی کوردی و کایە مەعنەوییەکە ببێتە کایەیەکی مادی، هۆکەیشی جگە لە نەمانی دەسەڵاتی ناوەندی و سانسۆری دەربڕین ئەو دۆخی "ئازادی"یەیە کە بەرجەستە بووە و بە جۆرێک ئەو کێشانەی لە بەشەکانی دی وڵاتدا هەن لەوێ نین. بەڵام وەک کورد دەڵێت لەو شوێنەی ئاو هەیە زەوی نییە و بە پێچەوانەشەوە! ئەوەتا ئێستا لەوێ "سەربەستی"یەکی ڕێژەیی هەیە کە لە پارچەکانی تر دەست ناکەوێت. مەخابن هەمانکات بە دەست کەمیی کادێری هونەری سینەما، گرفتی تەکنیکی و بێکارەباییەوە دەناڵێنێت کە مەرجی زۆر سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی فیلم. لەکاتێکدا لە بەشەکانی دی ئەوانە کەم و زۆر






دوو دیمەنی کاتی دەرکردنی ڤۆدکالیمۆن


گۆرانییەک بۆ بەکۆ


هێرشی گاز

چارەسەر دەبن، کەچی ئازادی و هاندان... تاد، نین.

بۆیە جێگەی دڵخۆشییە کە دەبیسترێت پەیمانگای سینەما لە کوردستان (سلێمانی ـ دوکان) ئەمساڵ دەست بە فێرکردن دەکات و بڕیارە فێرکردنی لایەنی دەرهێنان و وێنەگرتن بگرێتە ئەستۆ کە دوولایەنی گرنگن و لەگەڵ مۆنتاژ و نواندن لە بنەما سەرەکییەکانی فیلمبەرهەمهێنان. بەڵام هێشتا زۆر بواری دی دەمێنن و هەریەکیشیان بۆ جوانی لە فیلمدا گرنگن، لەوانە دیکۆر، کارتێکەری تایبەت، مۆنتاج، دەنگ ..تاد کە کورد تا ئێستاش پسپۆری ئەو بوارانەی نین. بۆیە تا ئەمڕۆش فیلمسازانی کوردی وەک قوبادی و سەلیم پەنا دەبەنە بەر توانای بێگانە! ئەگەرچی ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی چاکە، بەڵام بریا هەموو جار هەوڵیان دەدا چەند کەسێک وەک قوتابی تێکەڵ بە پرۆسەکە بکەن و تا کوردانیش لەوانەوە فێر بن و هاتنی هونەری و تەکنیکارە بێگانەکان وەک ئەوە نەبێت کە ڕەخنەگرانی سینەمای ئەفەریقایی بە سەیرانی هونەری لە قەڵەم دەدەن.

جگە لەوە وا زانراوە کە ئێستا دامەزراوێکی سینەما لە باشووری وڵات هەبێت (هەولێر) و ئەمساڵ تا ئێستا پێنج فیلم بەرهەم هاتبن، بەشێکیان لە تێچوونی فیلمەکان پاڵپشت کردبێت و چەند فیلمسازێکی وەک سەلیم و مانو خەلیل سوودیان لێ وەرگرتبن، بەڵام فیلمی پێش خۆر *ئاوابوون*، ئەنوەر سندی، ٢٠٠٣، دەبێتە یەکەم فیلم کە بە ڕەسمی پاڵپشت کراوە. لەکاتێکدا وەک باس دەکرێت لە جێگەی کاریش یارمەتییەکی بەرچاو هەیە کە ئەمەش بۆ فیلمسازی زۆر گرنگە[٢٩] هەروەک قوبادی باس دەکات کە بۆ هەر کوێیەک دەچن پێشوازیی گەرم لەلایەن خەڵکی کوردەوە دەکرێن.[٣٠] ئەم دوو دامەزراوەی وڵات بۆ سەرخستنی سینەمای کورد زۆر گرنگن، ئەگەرچی هەر یەکەی لە ناوچەیەکی بەڕێوەبردنی جودا لەوی تردایە. ئومێدە بە یەکگرتنەوەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەولێر و سلێمانی ئەمانیش گشتگرتر بن و خوێندکار و فیلمساز بێ گوێدانە هەڵوێستی ڕامیاری لە هەردوولا بە یەک چاو سەیر و مامەڵە بکرێن.

لە ماوەی چواردە ساڵی ڕابردوودا ئەوەتەی بەشێک لە باشووری کوردستان لە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا دابڕابوو، پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە ناوچەکە زۆرتر ڕووەو ئێران بوو. کردنەوەی چەندین پێشانگای هونەری و کتێب و هاموشۆی بەردەوامی ڕووناکبیر و هونەرمەندانی هەردوو دیو بۆ لای یەکتر پێدەچێت کارێکی ئەرێنی لەسەر جووڵانەوەی هونەری و وێژەیی ئەو بەشە "سەربەخۆ"یە کردبێت. لەم لایەنەوە بەشداری هونەرمەندانی کورد لە فێستیڤاڵی شانۆیی یاخود سینەمای ئێران کە خاوەن سینەمایەکی زۆرتر لە سەد ساڵییە و بە یەک لە کوچکە گرنگەکانی سینەمای ئاسیا دەژمێردرێت، لە بابەتی (جەژنوارەی فیلمی ئەلفەجر) کە ئەگەر تەنیا وەک مێوانیش بووبن کاری خۆی کردووە. دیسانەوە سەردان و بەشداریی فیلمسازانی ڕۆژهەڵات لە فێستیڤاڵی کورتەفیلم لە هەولێر و بۆنەکانی دی سەکۆیەکی بەکەڵک دەبن بۆ بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن و پێشخستنی ئەم هونەرە.

لەکاتێکدا لە ئێران ئێستا بزووتنەوەیەکی سینەماگەریی فراوان هەیە و دەوڵەتیش بایەخێکی گەورەی پێداوە و دوای بزووتنەوە چاکسازیەکەی ١٩٩٧ و خەرجکردنی پارە بۆ فیلمی نەتەوەکانی تری ئێران، چەندین دەرهێنەری بەناوبانگی وەک، عەباس کیا ڕۆستەمی، بە فیلمی *با ئەمانبا*، ١٩٩٩، موحسین مەخمەڵباف و سەمیرە مەخمەڵبافی کچی بە *تەختەڕەش*، بە هانی کەسانی وەک قوبادی هاتونەتە کوردستان و کلێشەیەکی نوێیان بۆ سینەمای کوردی لەو بەشەی کوردستاندا دارشتووە، کە قوبادی ئێستا زۆر لێزانانە دەیەوێت برەوی پێ بدات و لەمدیو و ئەودیوی سنوورە دەستکردەکەی کوردستان، خەڵکی پێ گۆش دەکات، بە نموونەی ئەم فیلمانەش *ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان*، *گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم*، ٢٠٠٢،[٣١] *کیسەڵیش دەتوانن بفڕن* کە تێیدا ئەکتەر و ئەکترەسەکانی زۆرینە کەسانی ئاسایین و لەو ڕێگەیەشەوە یەک لە کاراکتەرەکانی سینەمای وڵاتانی جیهانی سێ بەرجەستە دەبێت، کە لەبەر کەمخەرجی پەنا دەبرێتە بەر هەرزانترین هەڵبژاردنەکان، جگە لە وێنەگرتن لە شوێنی ئاسایی و خۆپەرێزگرتن لە ستۆدیۆ و ڕووناکی و دەنگی دەستکرد و هەمان کات دەیخاتە خانەی ئەو فیلمانەی کە شوێنپێهەڵگری سینەمای ڕاستەقینەی نوێی ئیتالیایین.[٣٢]

ئەم تاقیکردنەوەیە هێندە دەوڵەمەند بووە کە هەر ئێستا چاکترین کورتەفیلم لەناوجەرگەی کوردستان بە دەستی فیلمسازە گەنجەکان دێنەبەرهەم و بەردەوام لە برەوسەندندایە، قوبادی دەڵێت: "ئەمڕۆکە لە کوردستان زۆرتر لە ٢٠٠ کوڕ و کچی لاوی کورد خەریکی فیلمسازدانن؟[٣٣] ئەم دیاردەیە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتەوە پەڕیوەتە باشووری وڵات و ئەوەتا کامەران شەوقی بۆ خۆیشی وا باس دەکات کە هەر لە تەمەنی ١٦ تا ٦٠ ساڵ نزیکەی هەزار کەس داوای خوێندنیان پێشکەش پەیمانگاکەیان کردووە، بەڵام ئەمان توانیویانە تەنیا ٥٠ خوێندکار بۆ هەردوو بەشەکەی وێنەگرتن و دەرهێنان وەربگرن.[٣٤] ئەمە نیشانەیەکی ئەرێنییە و مژدەی داهاتوویەکی باش دەدات بە گوێدا.

عەباسی غەزالی، بەڕێوەبەری بەرهەمی *کیسەڵیش دەتوانن بفڕن* لە دیمانە تەلەفزیۆنییەکەیدا، وتی: "ئێمەی کورد لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەو هەستمان بە ناسکیی کامێرا کرد."[٣٥]

ئێمە تا ئەو زووانەش لە لامان وابوو کە میللەت تەنیا پێویستی بە پزیشک و ئەندازیار هەیە و لایەنەکانی وەک سینەما و

وەرزشمان بە هەند وەرنەدەگرت و بێ ئایەخمان دەکردن. زۆرینەی دایکان و باوکانی کورد، سەرنج دەدرا کە منداڵەکانیان تەنیا بەرەو ئەو دوو بوارە ئاراستە دەکرد لەکاتێکدا ئەوەی ئەمڕۆکە گەلێک بە میللەتان دەناسێنێت وەرزش و هونەر (سینەما)یشە. ئەگەر سەرنج لە وتەکەی وەزیری ڕۆشنبیریی فەرەنسا بدرێت لە کاتی خەڵات پێ بەخشینی "سەلیم"دا بەڕوونی ئەوە ساغ دەبێتەوە کە ئەو وشە ڕاستگۆ و پاراوانەی لەوێدا بارین گەلەک ئەستەمە لە بۆنەیەکی دیدا وا بەڕاشکاوانە بە سەرکردەیەکی ڕامیاریی کوردیش بوترێت و دڵخۆشی گەلێک بدرێتەوە کە لە لۆزان وڵاتەکەی پارچەپارچەکراو ئەمڕۆش چۆن ڕۆڵەکانی دەکۆشن! ئەمە تەنێ لە ئەنجامی بەشداریکردنی کیلۆمەترێکی سفر و هونەرێکی سەلیمەوە بوو!! خۆ گەر بهاتبا ئەو ژمارەیە پتر بوانایە، ئەوە ڕەنگە زۆرتریشمان لە وشەی جوان و پێزانین بچنایەتەوە!

قوبادی دەڵێت: "....کەسێک نابینیت ئەمڕۆکە چەکی بە دەستەوە بێت، بەڵکە ئێستا لەباتی ئەوە کامێرا، کە نایابترین چەکی فەرهەنگی ئەم سەردەمەی ئێمەیە جێگەی تفەنگی گرتۆتەوە."[٣٦] هەر ئەو دەڵێت: "برادەرێکم هەیە تەکسییەکەی فرۆشتوە تا کامێرایەکی پێ بکڕێت و فیلم دروست بکات"[٣٧] ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن کە ئەمڕۆ یا سبەی سینەمای کوردی کە بۆتە پێویستییەکی سەردەم لە دایک دەبێت و خۆی وتەنی "ئافرەتێکی دووگیانە پێویستە یەکێک یارمەتی بدات منداڵەکەی ببێت... کەسێک ناتوانێت لێگەڕێت و ئەو بمرێت".[٣٨]

جا بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە لەدایکبوونیدا نەمرێت یاخود بە ناقۆڵا لە دایک نەبێت، پێویستە لێزان منداڵەکەی لێ بکاتەوە. جگە لەوە مادامەکەی ئەو بڕواپێبوونە خەریکە وردە وردە بگەڕێتەوە، گۆڕ وایە لە بەرد نەدرێت. هاوارە با سینەماش وەک زۆربەی کایەکانی دی نەبێتە ئامڕازیکی پڕوپاگەندەی هەرزان و هەڵوێستی ڕامیاری کەمخایەن. با فیلمساز باوەڕی ڕامیارییانەی بۆ خۆی بپارێزێت، بەڵام سینەماکەی نەکات بە قوربانی لایەنداری و لەبری ئەوە با پابەندبوونی بە خاک و نەتەوە و بنەماکانی مرۆڤایەتی ڕاستەقینەوە بن!

گۆنای، کە بە "باوکی سینەمای کوردی" دەناسرێت تا دواچرکەی ژیانیشی هونەرمەندیش بوو، بەڵام هەڵوێستی ڕامیارییانەی کەسیی خۆشی بەرز ڕاگرت. ئەوەتا قوبادیش زیرەک و ئازایانە لەوە خۆی قوتار دەکات و ئاشکرای دەکات کە پابەندی هیچ دەسەڵاتێکی ڕامیاری نییە،[٣٩] لەکاتێکدا ئەو بۆ *کیسەڵیش دەتوانن بفڕن* لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی کوردی هەولێر و سلێمانیش یارمەتی بەرچاو دراوە. ئەو، ئەو هەموو ئاسانکارییەی لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە بۆ کراوە و چەند جارێک دوو کۆپتەریان بۆ ناردووە، نیمچە سوپایەکیان بۆ ڕەخساندووە لە دوادیمەنی فیلمەکەدا مارچی سەربازی بکەن، کەچی قوبادی ئەوەی لە بیر ناچێت کە سەتەلایتی پاڵەوانی برینداری سەرەکیی فیلمەکە، ئامۆژگاری بکات کە لەباتی ڕووی، پشت بکاتە سوپاکەی ئەمریکا و پەیامەکە وا ڕابگەیەنێت کە برینداریی ئەو بە هۆی ئەو مینە کوردکوژانەوەیە کە پێشتر خۆیان بە سەددامی دیکتاتۆریان دابوو.

قوبادی کوردایەتی بە هونەر دەکات و کێشەی گەلەکەی لەو ڕێگەیەوە بەرجەستە دەکات، پێی وایە ئەم چەکەیان کاریگەرتر دەتوانێت بە کار بهێنێت و وەک سام ئادەمس دەنووسێت: "کە *ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان* یەکسەر قوبادی کرد بە وتەبێژێکی نێونەتەوەیی کورد و دەنگێکی تایبەت لە سینەمادا".[٤٠] و تائێستاش قۆناغی باشی بڕیوە، ئەو وەک پرۆفێسەر جەمشید ئەکرەمی دەڵێت: "بەشێک لە هۆکاری سەرکەوتنی وەک فیلمسازێک ئەوەیە کە قوبادی فیلمسازێکە خاوەن کێشەیەکە ئەویش کێشەی کوردە، ئەو جۆرە فیلمێکی دروست کردووە کە فەرهەنگی کورد و ڕاستیی کوردی بە جیهانی دەرەوە ناساندووە، کە هیچ ئاگادارییەکی لە بارەوەی نەبوو، لەگەڵ هەموو ئەو خۆشەویستییە بەتینەدا بۆ ئێشەکەی کە دەیکات، وا دەخوازێت کە دەنگی کورد بیستراو بێت.[٤١]

## کورد و سینەمای عیراق

لەبەرئەوەی پێچەوانەی ئەوە کورد لە سینەمای عیراقدا بەشێکی ئەوتۆی بەر نەکەوت و نەچنییەوە کە تاقیکرنەوەکەی پێ دەوڵەمەند بکات. چون عیراق بۆ خۆی سینەمایەکی گۆتکراوی وای هەبوو کە هەرگیز جێی ئێرەیی پێبردن نەبوو!

کەی کورد لە مێدیای عیراقدا توانیویە گوزارشت لە خۆی بکات؟ کوا لە تەلەفزیۆنیشدا کە بە ناو کەناڵی کەرکووکی هەبوو ئەوەی بۆ ڕەخسا؟ سەرەڕای یاسای نوێی دامەزراوی گشتیی سینەما و شانۆی ئەیلوولی ١٩٧٥. ڕێنمایی شۆڤێنییانەی ژێربەژێری دەسەڵاتی ناوەند نەک تەنیا بۆ بەشە میدیای بەرەو ڕووی کورد ئاراستەکراو، بەڵکە بۆ هەموو عیراق لەناویاندا فیلمسازان ئەوە بوو کە ئەگەر لە کایەیەکی کۆمەڵایەتی لە دیدی بەعسەوە نەکۆڵنەوە، دەبوو لە کایە ڕامیارییەکەدا بە باهووی ڕژێمێکدا هەڵبدەن کە دەستی نابووە بینەقاقای هەمووان. لەو ڕێگەوە هەمیشە کەسێتیی بەعسییەکان و عەرەبی نەتەوەیی بەرجەستە دەبوون و نیشتیمانپەروەریش نەخاسمە کوردایەتی بە پێوەرێکی دی جودا لەوەی ئەوان لە سینەمای عیراقیدا هەرگیز جێگەی نەبۆتەوە.

سینەمای دەوڵەتی ئەوە هەر قڕوقەپ و لەپێناو بڵاوکردنەوەی بیرڕەشی داگیرکاریدا قۆرغ کرابوو. ئەو دەستگایە هەردەم ئاراستە گشتییەکەی مێشکشوشتنەوەی هەمووان بوو. فیلمە بەناو نشتیمانییەکانی وەک *الاسوار*، ١٩٧٩ و *المساله الکبری*، ١٩٨٢ی محەمەد شوکری جەمیل، *الایام الطویله*، توفیق ساڵح، ١٩٨٠، *القادسیه*، سەلاح ئەبوسەیف، ١٩٨٢، *الحدود الملتهبه* ساحیب حەداد، ١٩٨٤، هەمووی بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی عەرەب بوون کە هەرگیز لەگەڵ ئاوات و تێڕوانینی کورددا یەکانگیر نەبوون. سەرباری ئەوەش فیلمە کۆمەڵایەتییەکانی دی هەر لە دیدی نەتەوەی سەردەستەوە بووە و تێکڕا مامەڵەیان لەگەڵ فیلمەکاندا لە ڕوانگەی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤی عەرەبەوە بووە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا، بە



کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن



خولە پیزە



پەنابەر

وێنەی *التجربە*، فوئاد ئەلتەهامی، ١٩٧٧، کە پڕۆپاگەندەیەکی ڕووتی بیر و کردەوەی بەعسییەکانە لە ئاست کێشەی بەناو یاسای کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی زەوی، دوای کودێتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨، *النهر*، فەیسەڵ ئەلیاسری، ١٩٧٧، لە کێشەی ساڵی ١٩٦٧ی کۆمەڵێ ماسیگر دەکۆڵێتەوە، تا خوا بەعسییەکیان بۆ نازڵ دەکات و هانی ڕاپەڕینیان دەدات، یاخود *بیوت فی ذلک الزقاق*، قاسم حەوەل، ١٩٧٧، کە تێیدا ڕۆژنامەنووسێکی بەعسی داکۆکی لە چەوساندنەوەی خەڵکانی کرێکار دەکات و لە دوای تیاچوونی لەو پێناوەدا، بەعسییەکان ڕاپەڕین بەرپا دەکەن.

هەرچی سینەماکەی تریشە (نادەوڵەتی) ئەوە وەک عەدنان مەدانات دەڵێت: "سینەمای بازرگانی لە سوریا و عیراق و لوبنان و تونس و جێگەکانی دی... لاساییکاری نزمترین ئاستی هونەری، تەکنیکی، دراماێی و هزری سینەمای میسری بووە"[٤٢]

سینەمایەک کە زۆربەی کەرەسەی پێویستی سینەما هەبن ئەم نەیبووە. سینەمایەک کە بەزۆری بە هەوڵی تاکەکەس بە ڕێوە چووبێت و دەوڵەت خۆی لە پێشخستنی هەڵە کردبێت! وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک عیراق کە لە ماوەی زۆرتر لە پەنجاساڵدا تەنێ خاوەن ١٠١ فیلم بێت، کە ئەویش هەر ٨٥یان نیشاندرابن و بە قەولی خۆیان (بەڕاست بەرجەستەی عیراق بکەن!)[٤٣] دەبێت بەشی کوردی ژێردەستی چەوساوە چەند بووبێت؟

لەباری تەکنۆلۆژیاشەوە ئەوە ئاشکرایە عیراق، تا پرۆسەی ڕزگارکردنیشی نەک هەر بایەخی بە تەکنەلۆژیا نەدەدا بەڵکە ڕێگریش بوو لە بەردەمیدا، چون دەکرا ببێتە هەڕەشە لەسەر مانەوەیان و دەسەڵاتیان لەق و کلۆر بکات. عیراق لە ناوچەکە و جیهانیشدا لەو لایەنەوە مەگەر هەر لەپێش ئەفغانستانی تاڵەبان و سۆماڵ بووبێت! ئەوەندە بەسە کە بوترێت چەندین کەس لەسەر بەکارهێنانی سەتەلایت و کامێرای ڤیدیۆ و فۆتۆگراف...تاد تووشی سزای قورس و ئەشکەنجەدان بوون!! لەکاتێکدا ئەمێستاش زۆر دەگمەن فیلمێکی عیراقی لەسەر شریتی ڤیدیۆ یان لەسەر خەپلەی دی ڤی دی بە دی دەکرێن تا سوودیان لێ وەربگیرێت.

## کێشەکانی بەردەم پێشەوەچوونی سینەمای کوردی لە باشووری وڵات

تا ئەو زووانەش کێشەی لایەنی تەکنیکی لەگەڵ کەمدەرامەتی و پێنەزانینی ڕۆڵی سینەما لەلایەن دەسەڵاتی کوردی و کەمئاگاداری گەلەوە لە کاریگەریی ئەو دامەزراوە ڕێگربوون لە بەردەم دروستکردنی فیلم و بەرەوپێشەوەچوونی سینەمای کوردی.

ماوەیەکی دوور و درێژیش بوو عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەژێر باری زنجیرە ئابلۆقەی نێودەوڵەتی و نێوخۆیدا دەیناڵاند و لە جیهان دابڕابوو. بەرلەوەش دەرهێنەرەکانی ئێمە بە پلەی یەکەم زانیارییەکانیان بە زۆری لەو فیلمە ڕێگەپێدراوانەوە بە دەست دەخست کە پێشتر لە ڕێگەی عیراقەوە دەهاتنە ناو وڵات، بۆیە سەبارەت بەو دابڕانە هێندەی تر لە کاروانی فیلمسازیی جیهانی دواکەوتن!

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێکی زۆریش بوو کورد لە بواری خوێندنی سینەما بێبەری کرابوو و ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغداش کە تاقە کۆلێجی خوێندنی ئەو بوارانە بوو هەر بۆ ئەوانە قۆرغ بوو، کە عەرەب بوون یاخود بەعسی بوون، کە دیارە بەشی هەرەزۆری ئارەزوومەندانی ئەو بوارەش بە توندی نەیانویست شکۆی نەتەوەییان بدۆڕێنن و عەرەب وتەنی لەو باوەڕەدا بوون کە "لا وجود للکرامه الشخصیه اذا فقدت الکرامه القومیه."[٤٤]

فیلم هەر بە تەنیا دەرهێنەری ناوێت، ئەو لەگەڵ ئەوەشدا سکریپتنووسی گەرەکە، تەکنیککار دەخوازێت و ڕەخنەگری پێویستە، کە ڕاستییەکان پێکەوە بتوانن بخەنە قاڵبی هونەرییەوە، بۆیە زۆرینەی ئەو فیلمانەی کە ئێستا لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنرێن و بینەر پارە و کاتیان تێدا سەرف دەکەن، لەناو ئەرشێفی سینەمادا بەدەگمەن جێیان ببێتەوە وەک ئەوەی کە لە زۆربەی کۆدەکانی بێ بەشن!!

مەخابن خوێندنی ئەو بوارانە لە وڵاتی خۆمان تا ئەو نزیکانەش مەحاڵ بوو، بۆیە پێویست بوو دەسەڵاتی کوردی بە هەر کلۆجێک بوایە، ساڵانە چەند کەسانێکی بە لانی کەمەوە بۆ دەرەوە ڕەوانە بکردایە، تا بۆ گەل و وڵات فێری ئەو هونەرە ببن. دەکرا ئەگەر خوێندن لە ئەوروپا و ئەمریکاش لەبەر ڕێگری زمان و گرانی ئەستەم بوایە بۆ ئێران و میسر ڕەوانە بکرێن و جێگەخوێندنیان بۆ دابین بکەن. هەروەک ئێران یەک لە کوچکە سەرەکییەکانی سینەمای ئاسیایە و مێژوویەکی گرنگی سینەمای هەیە، میسریش پێشڕەوی سینەمای جیهانی عەرەبە و دەمێک ساڵە «پەیمانگای باڵای سینەمای میسری» دامەزراندووە کە تێیدا لە هەفت بەشدا خوێندن بە ڕێوە دەچێت کە ئەوانیش، بەرهەمهێنان، دەرهێنان، نووسین، وێنەگرتن، دەنگ، مۆنتاژ و دیکۆرن کە خوێندن تێیدا چوار ساڵە و ١٩٦٣، یەکەم خولی خۆی دەرچوواندوە.[٤٥]

ئەمە جگە لەوەی کە بەهۆی ئەو زنجیرە ئابلۆقەیەوە باری دارایی تا ماوەیەکی زۆر کە کوردستان تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا




ژیان

نیسانی ٢٠٠٣ ناڵاندی و کەسانێکی وەک مستەفا ئەحمەدی ئەکتەر ناچار دەبوون بۆ فیلمی *خوله* پیزە، جەلیل زەنگەنە، ١٩٩٨، ماڵەکەی خۆی بخاتە ڕەهنەوە و خەرجی فیلمەکەی پێ دابین بکات. بۆیە سەرەڕای هەموو هەوڵێکی ئەو هونەرمەندانە فیلمەکە ناڵاندویە و نەیتوانیوە ئەوەی مەبەستیە وەک پێویست بەرجەستە بکات، هۆیەکەشی بە پلەی یەکەم کەمدەرامەتی و کەمتەکنیکاری بووە. زەنگەنە ئاشکرای دەکات کە هاموشۆی زۆری کردووە ،بەڵام تەنیا کاک کۆسرەت هەشت هەزار دینار[٤٦]ی داوەتێ بۆ فیلمەکەی! لەکاتێکدا ئەو زەمان بەرپرسێکی ڕامیاری، یاخود سەربازی، دەیتوانی دەیان هەزار دینار بۆ هاموشۆیەکی ناوخۆ خەرج بکات. کە دیارە ئەم دوو ڕووداوە زۆر گرنگن و دوو خاڵی وەرچەرخانی سەرەکین بۆ هەر باسکارێک کە لە دوا ڕۆژدا بیەوێ هەوڵەکان و مێژووی دامەزراندنی سینەمای کوردی لەو بەشەی وڵات هەڵسەنگێنێت و لێی بتوێژێتەوە.

ئەوەتا ئێستاش ناسر حەسەن کە زۆرینە بەرهەمەکانی دەناسن و نکۆڵی لە توانای هونەریی ناکەن، لە چاوپێکەوتنەکەی ژمارە ٩٣ی هەمان گۆڤاری مەڵبەند دا دەڵێت کە نیازمە زنجیرەیەک بەرهەم بێنم لەسەر تاوانەکانی سەددام، کە دەبوو لەو ڕۆژەوە چەندین دەستگای دەوڵەتی کورد لێی نزیک بکەوتنایەتەوە و ئاسانکارییان بۆ بکردایە، کەچی هیچ لە ئاسۆدا دیار نییە!

بۆ داستانێکی وەک قەڵای دمدم، ڕۆمانێکی وەک حەمەدۆک، ژانی گەل، شار، سەگوەڕ... تاد تائێستەش نەکراونەتە فیلم؟ مەخابن کورد ئەگەرچی ئەوە ساڵانێکی زۆرە چەندین دەستگای تەلەفزیۆنی ناوچەیی و جیهانی هەن کەچی ئەو پانتاییەی بۆ گۆرانیی کرچ و کاڵی ناکوردی و جاڕی ڕامیاری تەرخانی



ڕاوە جنۆکە



ڕێبوارە بێدەنگەکان

کردوون، زەحمەت بۆ کاری دراما و فیلمی تەلەفزیۆنی چ جای هەوڵی ناساندن و دامەزراندنی سینەمای کوردی فەراهەم کردبن.

لەکاتێکدا کێشەکانی باشووری وڵات زۆرتر تەکنیکین، سەلیم دەڵێت: "ئەوەی ئێمە بە ساڵانێک بەرهەمی دێنین ئەوەیە کە فرەنسا بە ڕۆژێک و هیندستان بە چەند کاتژمێرێکی کەم بەرهەمی دێنن، ئەستەمە لە عیراق تەکنیکارت دەست بکەوێ"، هەر ئەو دەڵێت: "فیلمدروستکردن لە عیراق تێکۆشانێکە. گوێزانەوەی کەلوپەلی فیلمسازی بۆ جێگەی وێنەگرتن و دواتر هێنانەوەی بۆ جێگەی خۆی، لە خۆیدا دێوەزمەیەکە".[٤٧]

جانۆ ڕۆژبەیانی بۆ وێنەگرتنی *ژیان*، ٢٠٠٢، ناچار بووبوو کامێرا دیجیتەڵەکەی بۆ باشووری کوردستان بە تورکیادا بە قاچاخچیدا ئامدیو بکات،[٤٨] هەمان کێشەی کە ئەمجار بۆ وێنەگرتنی *کیلۆمەتری سفر*، ٢٠٠٥، سەلیمیش تووشی بووبوو.

پێدەچێت کە فیلمسازانی تاراوگەش کێشەی یەکانگیربوونەوەیان لەگەڵ وڵاتدا هەبێت و یەک لە کێشە سەرەکییەکان، مەسەلەی پەیداکردنی جێگەی وێنەگرتن بێت. کە دیارە لەبەر لێکنەچوون، یاخود گرانیی بەکرێگرتنیان، چارەسەرکردنیان بۆ فیلمسازانی کورد ئاسان نەبێت و تەنیا ئەگەری تر گەڕانەوەیە بۆ وڵات یاخود هەڵبژاردنی جێگەی لێکچوو لە شوێنانی دی، ئەگەر نزیکییان لەگەڵ کوردستاندا هەبێت وەک فیلمی *گەلەگورگ*، مەهدی ئومێد، کە لە تورکمانستان وێنەگیراوە کە وەک یەک لە ڕێکخەرانی فێستیڤاڵی بەرلینی فیلمی کوردی محەمەد ئەکتاس دەڵێت: "بە بەراورد لەگەڵ فەلەستینییەکان، فیلمسازی ئەوان لۆبییەکی گەورەتریان هەیە، پارەیان پترە و جێگەی وێنەگرتنیشیان زۆرترە، ئەوان دەتوانن لە وڵاتێکی عەرەبی وێنە بگرن و بیکەنە پشتزەمین (باکگراوند)ی خۆیان، کە دیارە فیلمسازی کورد تا ماوەیەکی زۆر ئەو بوارەی بۆ نەڕەخسابوو، هەردەم بیر لای ئەوە بووە کە بزانێت لە کوێ دەتوانێت فیلمەکەی وێنە بگرێت، یان چۆن بتوانێت بەرهەمهێنەرانی ئەورووپایی هان بدات؟"[٤٩]

ئەم هەموو ڕێگرانە لە بەردەم کاری فیلمسازی کوردا لە باشووری وڵات چارەسەریان هەر بەوە دەکرێت کە دەوڵەت کەرەستەی پێویست، کامێرا و تاقیگەی تەواو لە دەرەوەی وڵات بکڕن یان هەر نەبێ ئاسانکاری بۆ فیلمسازەکان بکەن لە دابینکردن و هێنانیان بە ڕێگەی یاسایی بۆ ناوخۆ.

## ئەرکەکانی بەردەم سینەمای کوردی

جیهانی سێیەم وەک پێناسە دەکرێت ئەو وڵاتانەن کە داگیرکراون، یان پێشتر داگیرکرابوون، یاخود ئێستە لە پرۆسەی ڕزگاریدان، هەرچی جیهانی چوارەمیشە ئەوا ئەو سێ هەزار نەتەوەیە دەگرێتەوە کە هۆز و دانیشتوانی ڕاستەقینەی وڵاتەکانن و ژمارەیان ٢٥٠ ملیۆن کەسە و بەسەر ٢٠٠ وڵاتدا دابەش بوون و دەسەڵاتیان بەسەردا کێشراوە.[٥٠] ئێمەی کورد سێیەمین و لەگەڵ چوارەمیشدا خزمین، لە لایەک بەشێکمان ڕزگار بووین کەچی دەوڵەتیشمان نییە، لە لایەکەی دیکەوە بەشێکمان داگیرکراوین و مافی هاووڵاتیبوونیشمان نییە. ئێمە داگیرکەرانمان بۆ خۆیان کۆنەکۆلۆنیکراو بوون، کە وابوو ئێمە دیلی کۆنەدیلین، بە هەر جۆر سینەماکەمان ساکارە و سەرەڕای گەنجێتی، وەک زۆرینەی سینەمای گەلانی جیهانی سێیەم لە لایەنی کولتوورییەوە دەوڵەمەند و لە بیرۆکەدا سادە و بێ گرێ و گۆڵە و لە لایەنی تەکنیکەوە هێشتا هەژارە. فریدریک جەیمسن دەنووسێت: هەموو دەقەکانی جیهانی سێیەم، چیرۆکی تایبەتی چارەنووسی هەر تاکێک بە خەستنەبری باری بەگژداچوونەوەی کولتووری میللی و کۆمەڵگای جیهانی سێیەمن.[٥١]

بۆیە دەبێت سینەمای کوردی ئاوێنەیەک بێت بۆ کولتوور و خەباتەکەی، لە قۆناغی ڕزگاریشدا بکرێتە ئامرازی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا و پێویستە تێبکۆشێت کە ڕاستییەکانی دۆخی کورد و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کوردیش لەناو کێشمەکێشی ئەو هەموو گێژاوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییانەدا پێناسە بکات، چارەسەر بدۆزێتەوە و بە تەکنیک دەوڵەمەندی بکات کە لێوەی بینەرانی؛ جا خۆیی بن یان بێگانە، جگە لە چێژلێوەوەرگرتن، لە ڕاستییەکان بگەن و وانەیان لێوە فێر ببن!

لەم قۆناغەی ئێستادا پێویستە سینەمای کوردی لە ڕێگەی فیلمەکانیەوە، دوولایەنە لە تێکۆشاندا بێت، لە لایەک دەبێت بە گژ فیلمە هەرزانبەهاو بێنموودەکانی ناوخۆدا بچێتەوە کە بۆ تاسەشکاندنی بینەری خۆیی، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە نیشاندانی فیلمدا هەن هاتۆنە گۆڕێ و ئێستاکە خەریکە بۆ ئەوەندەی تر بینەر لە سینەما بتۆرێن، هەمانکات هەوڵ بدات کە ئەوەی لە سینەمای جیهانیدا هەیە ئەمیش لە سینەماکەی خۆیدا بەرجەستەی بکات، تا بینەرانی هەست بە نامۆیی و نائومێدی نەکەن و هەستی لەدواوەبوونیان لەلا دروست نەبێت. کە دیارە هیچ کام لەو دوو ئەرکانەش ئاسان نین و بەو پێیەی کە یەکەمیان هەڵمەتێکی ڕۆشنبیرکردنی مەزنی گەرەکە و دووەمیشیان هونەری و تەکنیکی باڵا.

## گلەیی

کوردێکی بێچارە ئێستاش گەر بیەوێت بە یەکێک خۆی بناسێنێت بە هێندەی جگەرەکێشێک دەبێت لەسەر نەخشەیەکی ساکار شێکاری خۆی و وڵاتە پارچەپارچەکەی بکات، ئەمجا ئەگەر بەرامبەرەکەی لێی تێبگات و بڕوای پێ بکات! جێی سەرسوڕمان نەبێت کە من

زۆرجار بە هەڵەبجەش ناتوانم پێناسەی تەواوی خۆم بکەم، هانا بۆ یۆلی گۆنای و *تەختەڕەشی* مەخمەڵباف ئەبەم! بەڵام گەر بهاتبا و چەند فیلمێکی بابەتی بەرهەم بهاتنایە، ئەوا دیارە گەلانی جیهانیش زۆرتر پێی ئاشنا دەبوون و تا ئەو کاتەش دەبووە خاوەن دەوڵەتی خۆی ئەو ئەرکەی لە کۆڵ ڕۆڵەکانی دەکردەوە لە ناساندنی خۆیاندا؛ ئەگەر بێت و ئەو بێرۆکراسیەت و گەندەڵیی بەڕێوەبەرییەی جەستەی دامەزراوەکانی هەردوو حکومەتەکەی کوردی تەنیوەتەوە کەمێک بڕەوێتەوە؛ هەروەک ئەوەی ئەو هۆکارانە گیانی داهێنانیان خەفە و ئیفلیج کردووە و وای لێهاتووە، ئەمڕۆکە کەم بەرهەمی هونەری هەبن ئەگەر نەڕامێندرابن بۆ بەرژەوەندیی حیزبایەتی و پاوانخوازیی دەسەڵات، لەکاتێکدا چەندین کێشەی گرنگی، نەتەوەیی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی هەن کە تا هەنووکەش لێفەیان بەسەردا دەدرێن و دەشاردرێنەوە.

بۆ براکوژی نەکرێتە فیلم؟ بۆ لەو ڕێگەیەوە ڕیسوا نەکرێت و وای لێ نەکرێت ببڕای ببڕای جارێکی دی هیچ تاکێکی کورد خۆی بۆ تەیار نەکا و قێز لە ناوهێنانیشی بکەنەوە؟ مەگەر کەم لە هەرە چاکترین ڕۆڵەکانمان لە دەست و تواناکانمان تێدا بە هەدەر نەدان و ئابووریمان پێ دانەتەپان؟! ئەی گوایە سینەما ئیشی چییە؟ ئەی ئەو چەند ساڵەی گرانی و ئابڵوقەی ئابووری کوێرا لە بیر چوونەوە؟ بۆ بەو ئامرازە باسی ئەو نەهامەتیانە نەکرێن کە بەسەردا هاتن؟ بۆ باسی ئەو خەڵکە ئابڕوومەندانە نەکرێن کە سەربەرزانە لە برسانا مردن و ئەو چاوچنۆکانەش کە لەسەر کلۆڵی ئەوان دەژیان و پارەیان لەسەر یەک هەڵدەچنی؟

چما گەلی مە مێژووی نووسراوەی نییە؟ نەخێر بەڵکە کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە هێندە باسی هەیە بیکاتە فیلم کەم گەلی تر هەن ئەوەندە دەوڵەمەند بن! درێغ ئەگەر پێدا نەگات مێژووەکەشی وەک سامانی وڵاتەکەی خەڵکی تر دەیخۆن، کورد وتەنی "ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر"، ئەوەتا سەلاحەدین کە سەرکردەیەکی لە١٠٠٪ کوردی موسوڵمان بووە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە بیری لە فیلماندنی کێشەکەی بکاتەوە!، لەکاتێکدا ئەوەی کە تا ئێستا دەبینرێت *الناصر صلاح الدین*، یوسف شاهین، ١٩٦٣، بەم دواییانەش *شانشینی بەهەشت*، ڕایدلی سکۆت، ,٢٠٠٥.. تاد، کە فریان بەسەر کوردبوونی ئەو پاڵەوانەوە نەهێشتۆتەوە و تیایاندا ئەوەندەی ئەو سوڵتانە عەرەبە، کەسی تر هێندە عەرەب نەبووە!!!

کەی باس لە کێشەیەکی وەک کەرکووک کراوە لە سینەمادا؟ بیری لە فیلمێک لەسەر کوردە یەزیدییەکان یاخود شەبەک کە دەکران بە عەرەب کردۆتەوە؟ کام دەرهێنەر بیری لە سەرنگومکردنی فەیلییەکان یان



ڤۆدکالیمۆن

بارزانییەکان و ئەنفال و کیمیاباران کردۆتەوە؟ ئافرەتێکی ئۆردووگای شۆڕش، پێش پرۆسەی ڕزگاریی عیراق لە بازگەکەی کەرکووک یان «التحدی» بەنزینی پێدا کرابوو، هەر لەوێدا نیوەسووت کرابوو! ئەگەر ئەو دیمەنە نەگوازرێتەوە بۆ سینەما ئەی چۆن هەر بەدەمی باسی چەوساندنەوەی کورد دەکەیت؟ بۆ چەندی باس دەکەیت؟ چەند جار باسی دەکەیت؟

چ کەسێک بیری لە فیلمێکی وەک، *جەنگی جەزائیر*، گیلۆ پۆنتیکۆرڤۆ، ١٩٦٦، کردۆتەوە کە مێژووی گەلێکی تێدا تۆمارکراوە یاخود، *شێری بیابان*، مستەفا ئەکەد ١٩٨١، کە پوختەی خەباتی گەلی لیبیا دژ بە داگیرکەرانی ئیتالیا بە دەر دەخات؟ ئەو ڕووداوانە لە ڕێگەی کتێبی گەورە و قەبەوە بەو جۆرە لە ئەندێشەی مرۆڤدا جێگیر نابن بەهێندەی ئەو ماوەیەی لە بینینی ئەو فیلمانەدا بە سەر دەبرێن، بە جۆرێک ئەوانەی دیتوویانن هەر بە باسکردنی، یەکەمیان هەڵمەت و ڕاکردنی کۆڵانە باریکەکانی جەزائیر و پێش چالاکی بسکبڕیین و خۆ لە تەلدانی سێ خانمە شۆڕشگێڕەکەی بیردەکەونەوە تا وەک فەرەنسایییەکان بنوێنن! بە دووەمیشیان ئەژنۆبەستنی لیبیاییەکانی لە ئاست هێرشی داگیرکەر و کەوتنەخوارەوەی چاویلکەکەی عومەر موختاری سەر پەتی سێدارە بیر دەکەونەوە!

کەس بیری لە فیلماندنی، کۆماری مەهاباد، بەرگری لە بەرەکانی سەقز، پەڕینەوە لە ئاراس و چمکێکی خەباتی چەند ساڵەی پێشمەرگە و سەدان داستانی قارەمانانەی وەک هەندرێن، زۆزک، حەمک، دابان، ڕزگاری، خواکوڕک و کۆڕێ ... تاد و چەندەها سەرکەوتن و نوچدان و هەڵسانەوەی ئەو گەلە کردۆتەوە؟ ئەی ئەو هەموو پارانەی بە پای پیلان بە ڕاست و چەپدا تەخشان و پەخشان دەکرێن بۆ دەسەڵاتدارانی چواردەساڵەی کوردستان دەستگایەکی سینەمایان پێ نەخستەوە؟ بۆ لەگەڵ بەرهەمهێن و دەرهێنەرێکی جیهانیدا ڕێک نەکەوتن، تەنیا یەک لە کۆمەڵکوژییەکان بکەنە فیلمێک و مێژووی ئەو گەلەی پێ بەرجەستە بکەن؟

مانگانە گۆڕبەگۆڕیبەکۆمەڵی کورد هەڵدەدرێنەوە، کەچی نەکراونەتە فیلم و دۆکیومێنت نەکراون، تا سبەینێ نیشان خەڵکی بدرێنەوە(٥٢)، ئەوەتا مایسی ١٩٩٠، فەرەنسا ئەو ڕۆژەی لە تێکوپێکشکانی کێلی گۆڕە جوولەکەکانی بە ئاگا هات، هەر پێنج کەناڵەکە نیشتمانییەکەی ڕادەوەستێنێت و فیلمە ٣٠ خولەکییە بەڵگەنامەییەکەی، *شەو و تەم*، ئالیان ڕێسنایس، ١٩٥٥، لە یەک کاتدا پەخش دەکات بۆ دەرخستنی ئازارەکانی گەلی جوولەکە و ڕیسواکردنی ئەوانەی کە ئەو کارەیان کردبوو. لەکاتێکدا فیلمەکە ئەوەندە، ڕێچکە وێنەی(٥٣) تێدا نین و زۆرینە بە فۆتۆگراف دروست کراوە، کەچی کاری خۆی کرد؛ بەڵام دەسەڵاتی کورد بەو هەموو توانا ماددی و مرۆڤییەوە کە لە کەناڵی میدیا جۆربەجۆرەکاندا هەیەتی، تائێستا لەو ئاقارەدا بەو پێیەی پێویستە نەبزواوە و ئەو پانتاییەی بۆ لایەنە برێشکەئاسا و نەرمەقووتەکان تەرخانی کردوون بە سینەمای ڕەوا نابینێت کە چەکێکی قورس و گرنگە و پێدەچێت پێیان چاتر بێت هەر خەریکی، وردە بەزم و بن بزێوی بین!!

مەگەر هەر جوولەکە بە هێندەی کورد خەمسارد بن لە ئاستی کارەساتی هۆلۆکۆستەکەی خۆیان! ئەوان ئێستا ئەمەندە فیلمیان لەو بوارە، بەرهەم هێناوە هاتوونەتە سەر ئەوەی قەرزی ئەوانەش لە بەرەوە بدەنەوە کە لە کاتی قەڵاچۆ کردن و سووتانیاندا لە ئاشفێتز، هەستی مرۆڤانەیان بزواوە و میهرێکیان بەرەوڕوو نواندوون؛ لە نموونەی ئەو فیلمانە، *لیستەکەی شیندلەر*، ستیڤن سپیلبێرگ، ١٩٩٣ و *پیانۆژەن*، ڕۆمان پۆلانسکی، ٢٠٠٣، کە هەردووکیان بە ئاراستەی پێزانینن بۆ ئەو نازییانەی ئەو ڕۆژگارە، کە یەکەمیان ١١٠٠ نەفەر و دووەمیان یەک نەفەریانی لە مردن ڕزگار کردووە. کێ بیری لەو فیلمانە کردۆتەوە کە باس لە دابەشبوونی چەند جارەی ئەم گەلە دەکات بەسەر چەندین دەوڵەت و لەناوخۆشدا؟ کورد چەند فیلمی تری لە بابەتی *پروپاگەندە*، سینان چەتین، ١٩٩٩، پێویستە کە لە چیرۆکێکی ڕاستگۆیانەوە باس لە دابەشبوونی کوردستان دەکات؟ مەگەر چەندانی دی وەک چەتین و قوبادی پێویست نین کە دوور و نزیک لەو بوارە بتوێژنەوە؟!

بۆیە وەک دکتۆر شاوی دەڵێت: "تا سینەماکار هەبن و درک بە بارودۆخی نەتەوەکەیان بکەن و تێبکۆشن بۆ دەرەوشانەوەی لە فیلمەکانیان دەتوانین بڵێین کە سینەمای کوردی لە قۆناغی لەدایکبوون و سەراوی ڕاستەقینەی ئەوسا دەتەقێت کە کوردستان بەگشتی یا بەشێک لە بەشەکانی سەرفراز و سەربەخۆ دەبێت و کوردەکان هەلی ئەوەیان بۆ هەڵدەکەوێت فیلمی کوردی ئەوتۆ بەدی بێنن کە باسی کورد دەکەن بە زمانی کوردین و هونەرمەندی کورد دەریاندەهێنن"(٥٤)

## سینەما و پارە

دیارە لە هەموو جێگە و کاتێکدا فیلمسازی جۆرێکە لە پیشەسازی و بواری پارەپەیداکردن، جا ئیتر سینەما دەوڵەتی بێت یاخود نادەوڵەتی و بازرگانی. بۆیە هەرکامیان بیەوێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت پێویستە بزانێت چۆن پارە پەیدا دەکات، نیشانە لە چ جۆرە بینەرانێک دەگرێتەوە، داخۆ تەمەنیان چەندە، لە چ ئاستێکی ڕۆشنبیری دان، کامە توخمن و کامە چینی کۆمەڵن. دەبێت ئەکتەری نوێ و لێزان دابین بکات و لەو کێشانە بکۆڵێتەوە کە کۆمەڵگا بۆ وەڵامەکانیان دەگەڕێن.

لێرەوە فیلمسازی کورد سەرەڕای ڕەچاوکردنی بینەرانی خۆیی بە پلەی یەکەم پێویستە بینەرانی ئەو وڵاتانەش کە کوردیان بەسەردا بەشراونەتەوە لە بەرچاو بگرن. بە نموونەی ئەمە ئەگەر فیلمسازێک بیەوێت باس لەکێشەی کوردێکی بەغدا بکات و بەو پێوەرەی کە کۆمەڵێکی گەورەی کورد لەوێ هەن، فیلمەکەی لەوێش نمایش بکات، نابێت تەنیا هەر بیر لە کوردانی ئەوێ بکاتەوە، بەڵکە دەبێت بینەرانی ناکوردی ئەوێش لەبەرچاوبگرێت، ئەمە جگە لە بینەری هەندەرانی کە ناکرێت بە هەند وەرنەگیرێن، لەبەرئەوەی لەوانەیە هەندێ جار بەرهەمەکەی لەلای بینەرانی کورد ئەو پێشوازییەی لێ نەکرێت کە ڕەنگە بینەرانی بێگانە لێی بکەن.

لەو لایەنەوە ئەوەندە نموونە بەسە کە تەختەڕەش، سەمیرە مەخمەڵباف، لە بریتانیا نمایشکرا سەرەڕای فراوانی کۆمەڵگای کوردیی ئەم وڵاتە کە ئەو زەمان لە هەفتا هەزار کەمتر نەدەبوو، کەچی تەنیا هەفتا یاخود لەو پەڕیدا چەند هەفتا کەسێکی کورد بۆ سەیرکردنی چوون، کە ئەوانیش گەلێکیان بە سەرنجی سەیر و سەمەرە وە ڕووە و ماڵ دەبوونەوە. لەکاتێکدا کورسییەکان بە بینەرانی بێگانە پڕ دەبوونەوە و فیلمەکەش بوو بەوەی کە بە نموونەی فیلمی گەلان لە زانکۆکانی بریتانیا بخوێنرێت. بۆیە فیلمساز دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرێت و هەمانکات بە وێنەی یۆکسەڵ یەڤوسی دەرهێنەری باکوور کە وەک ئەوەی بینەرانی کورد و تورک و ئەڵمانیشی هەن، هەوڵبدا کە هاوسەنگییەک لە فیلمەکانیدا دروست بکات و هەموویان ئارەزووی سەیرکردنی فیلمەکانی بکەن.[٥٥]

جگە لەوە زۆر گرنگە سینەماکار و فیلمسازە کوردەکان لەو ڕاستییەش بگەن کە بینەرانی کوردیش ئێستا دابەش بوونەتە سەر دوو بەش بەشێکیان کە زۆرینەن لە ناوەوەی وڵاتن، کە ڕەنگە تائێستا ئەو بوارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیان تەواو بۆ نەڕەخسێنرابێت کە بێ ترس و بەئازادی بچنە سینەما بە تایبەت بینەری مێینە، لەکاتێکدا منداڵیش تا ئێستا لە ژێر ١٦ساڵییەوە چوونی بۆ سینەما ڕەنگە ئەستەم بێ. بەشەکەی تریش ئەوانەن کە لە دەرەوەی وڵاتن و لە ئەوروپا، وڵاتانی ئەمریکا و ئوستralیا کە هەریەکەیان کۆمەڵگایەکی گەورەی کوردیان لە خۆ گرتووە دەژین، کە دیارە دەتوانن فراوانتر بچنە سینەما. جا لەبەر ئەوە دەبێت فیلمساز ئەوە لە بەرچاو بگرێت کە بینەری کوردی هەندەرانیش هەن کە تا ئەمڕۆکەش سەبارەت بە جیاوازی نرخی دراو، پارەی بلیتی ئەو وڵاتانەی ئەوانی تێدا ئەژین بەرامبەر بە نرخی بلیتی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێندراوە، گەلێک زۆرترە لە بینەرانی خۆیی ناو وڵات.

بەکورتی، فیلمسازی کورد دەتوانێت بە نیشانەگرتنەوە لە گیرفانی بینەرانی کوردی تەریوی وڵاتان، یان لەدایکنەبووی کوردستان کە شەیداییەکی بێوێنەیان تێدایە بۆ وڵاتی دایک، زۆرینەی پارەی تێچووی بەرهەمەکەی بچنێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی ئاگاداری باری جیاوازیی ئارەزوو، فەرهەنگ و کێشەکانی ئەوانیش بێت و لە بەرهەمەکانیدا فەراهەمییان بکات، هەروەک بەرهەمەکانی بۆلی وود،[٥٦] کە ئەمڕۆکە لە ٦٥٪ی داهاتیان لە بینەرانی هیندستانی لەدایکبووی دەرەوەی وڵات دەچننەوە.[٥٧]

لەم سەردەمی جیهانگری و سڕینەوەی سنووری نێوان گەلان و فەرهەنگە جوداکاندا هێشتا سینەما لە پێشەوەی هەموو ئەو ئامڕازانەیە کە گەلان لە یەکتر نزیک دەخاتەوە و بەیەکدی ئاشنایان دەکات، لەوەتەی سینەما داهێنراوە، کورد لەو ئامڕازە بێ بەری کرابوو، بەڵام لە ئێستاوە دەخوازێت بەو چەکە خۆی بناسێنێت، کێشەکانی باس بکات و وانەی مرۆڤانەی خۆی پێ بڵێتەوە.

گەرچی بۆچوونی جۆراوجۆرهەن سەبارەت بە مێژووی لە دایکبوونی سینەمای کوردی و بوون و نەبوونی، بەڵام وەڵامی شیاوی ئەوانە ڕەنگە ئەو لایەنە بەرچاوە بێت کە جگە لە بەرلین و ئەرجەنتین شوێنانی دی تەنیا هەر لە لەندەن لەنێوان نۆڤەمبەری ٢٠٠١ ـ نۆڤەمبەری ٢٠٠٤، سێ فێستیڤاڵی فیلمی کوردی بەڕێوەبراوە کە تێکڕا ٤٦ فیلمی درێژ، ٤٨ی کورت و ٢٤ فیلمی بەڵگەنامەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و تاراوگەوە نیشان دراون کە هێندەی تر فەرهەنگی کوردیان دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگتر کردووە!!!

### پەراوێزەکان

١ـ سەرچاوەی ١٢
٢ـ شاوی، بورهان، "سینەمای کوردی و کورد لە سینەما" کوردەکان لە سینەمای سۆڤیێتی، سەیدا (وەرگێڕ)، پەڕەنگ، ژمارە پێنج، ساڵی چوار، ئەڵەمانیا، جانیوەری , ١٩٩٠
٣ـ هەمان سەرچاوە
٤ـ سەرچاوەی ٢٠
٥ـ هەمان سەرچاوە
٦ـ سەرچاوەی ٢٥
٧ـ النحاس، هاشم (الهويه القوميه فى السينما العربيه، دراسه استطلاعيه مستقبليه) لە كمال رمزى، سمير فريد، عدنان مدانات، هاشم النحاس. "الهويه القوميه فى السينما العربيه" عبدالمنعم تليمه (اشراف)، جامعه الامم المتحده، مركز دراسات الوحده العربيه، مكتبه المستقبلات العربيه البديله الفنون و الاداب كعناصر الوحده و التنوع فى الوطن العربى، بيروت، ئۆکتوبەری ١٩٨٦، لاپەڕە ٢٢٣ ,
٨ـ سەرچاوەی ٢٦
٩ـ گفتوگۆیەکی کورتی دۆستانە لەگەڵ کاک جەواد مەلا، مانگی مەی ٢٠٠٥، ئیلین تاون هۆڵ، لەندەن.
١٠ـ سەرچاوەی ٢٠
١١ـ هەمان سەرچاوە
١٢ـ فیلمۆگرافەر واتە ئەو کەسەی لە مێژووی فیلم ئەکۆڵێتەوە و تۆمار ئەکا.
١٣ـ فريد، سمير، دليل الافلام العراقيه، فيلمان فقت انتجا فى سنوات حصار العشر، لە گۆڤاری "سینما"دا، ژمارە سێ، نوڤمبر– دیسمبر، پاریس ٢٠٠٠، لاپەڕە ٦٢ ـ ٦٤
١٤ـ هەمان سەرچاوە بەڵام ئەو باسی القاهره و بغداد، ناكات من سوودم لە نووسینەکەی هاشم النحاس وەرگرتووە.
١٥ـ گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە ٩٣، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی، لەندەن، نەورۆزی ٢٠٠٥
١٦ـ سەرچاوەی ٢٠
١٧ـ سەرچاوەی ٢٣
١٨ـ قوبادی، بەهمەن (پێشەکی)، بەخێربێن بۆ دووەم فێستیڤاڵی لەندەنی فیلمی کوردی (بە ئینگلیزی)، سەرچاوەی ١٦
١٩ـ سەرچاوەی ٢٤
٢٠ـ سەرچاوەی ٢١
٢١ـ ئەم بەرهەمە لەگەڵ ئەوەی عێراق ویستی بەرهەمی بێنێ جودایە.
٢٢ـ وشەی ئینگلیزیەکەی بەرامبەر ئەمە دایەسپۆرا (Diaspora)یە، سینەمای دایەسپۆرای هەر گەلێک واتە سینەمای کۆمەڵەی ئەو گەلەی کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان ئەژین.
٢٣ـ کوردستانی نوێ، ساڵی سیانزە ژمارە ٣٥٥٥، ٢٤ـ١٢ـ٢٠٠٤
٢٤ـ تەلەفزیۆنی کوردسات
٢٥ـ النحاس، هاشم (الهويه القوميه فى السينما العربيه، دراسه استطلاعيه مستقبليه) لاپەڕە ٢٠٦
٢٦ـ ئێوارەکۆڕێک بۆ هونەرمەندان ناسر حەسەن، مستەفا ئەحمەد، جەلیل زەنگەنە، هۆڵی کوردستان، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی، لەندەن، ١٥ـ١٠ـ٢٠٠٤
٢٧ـ ئێوارەیەکی خێزانی لەگەڵ کاک ناسر حەسەن، لەندەن، مانگی مارسی ٢٠٠٥
٢٨ـ سەرچاوەی ٢٢
٢٩ـ سەرچاوەی ٢٥
٣٠ـ سەرچاوەی ١٦
٣١ـ گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم، بە ئینگلیزی بە

*Marooned in Iraq* ناسراوە.
٣٢ـ Italian Neo Realism، ئەو بزووتنەوە هونەرییەی دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی هاتەگۆڕی.
٣٣ـ سەرچاوەی ١٦
٣٤ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران شەوقی، پاشکۆی کوردستانی نوێ، (٤١٤)، ساڵی سیانزەهەم، ١٦ـ١٢ـ٢٠٠٤، لاپەڕە ٦,
٣٥ـ تەلەفزیۆنی کوردسات
٣٦ـ سەرچاوەی ١٦
٣٧ـ هەمان سەرچاوە
٣٨ـ سەرچاوەی ٢٢
٣٩ـ سەرچاوەی ٢٧
٤٠ـ سەرچاوەی ١٨
٤١ـ هەمان سەرچاوە
٤٢ـ عدنان مدانات، (السینمائی العربی و قضایا التکنلوجیا و الایدیولوجیا) لە "الهویە القومیە فی السینما العربیە"دا لاپەڕە ١٤٣
٤٣ـ سەرچاوەی ٦
٤٤ـ ئەم دەستەواژەیە یەکەمجار لە مامۆستای گەورە جەمال عەبدول فێربووم، واتە شکۆی خودی بەبێ شکۆی نەتەوایەتی بوونی نییە.
٤٥ـ سمیر فرید (السینما و الدولە فی الوطن العربی) لە "الهویە القومیە فی السینما العربیە"دا، لاپەڕە ١١٩
٤٦ـ گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە ٩٣، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی، لەندەن، نەورۆزی ٢٠٠٥، ئەو پارەیەی کاک جەلیل لەو کاتەدا باسی ئەکات هەر نێزیکەی چوارسەد دۆلارێکی ئەمەریکی ئەکرد و ڕەنگە کەمتریش.
٤٧ـ سەرچاوەی ١٩
٤٨ـ سەرچاوەی ٢٤
٤٩ـ سەرچاوەی ٢٥
٥٠ـ سەرچاوەی ١٤ لاپەڕە ١٢٠–١٢٦
جیهانی یەکەم: ئەمەریکا، ئەوروپا، ئوسترالیا و ژاپۆن.
جیهانی دووەم، دەوڵەتانی بلۆکی سۆشالیستی پێشوو زۆربەی جار بە وڵاتی چینیشەوە.
جیهانی سێیەم: دەستەواژەیەکی زۆرتر ڕامیاری یە بەو وڵاتانە ئەوترێ کە کۆلۆنی کراون، ئەکرێن، یاخود ڕزگاربوون.
جیهانی چوارەم: ئەو گەلانەی دەوڵەتیان نییەو بەسەر دوو سەد ووڵاتدا دابەشبوون و ژمارەیان ٢٥٠ ملیۆن بەرەو ژوورە.
٥١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٢٢
٥٢ـ دیارە کە من ئەمە ئەنووسم ئاگاداری هەوڵی کاک عەباسی ڤیدیۆ، خاتوو هێرۆ و چەندانی تری وەک جانۆ ڕۆژبەیانی، دڵشاد مستەفا هەم، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هێشتا مەبەست پێکرابێ.
٥٣ـ زۆر گەڕام کە وشەیەک بەرامبەر «فوتیج» Footageی ئینگلیزی بدۆزمەوە، لەفەرهەنگە کوردییەکاندا وەڵامم دەست نەکەوتن، من ئەم وشەیەم داڕشتوە و بە نێزکترینی ئەزانم. واتە وێنەی سینەمایی تۆمارکراو.
٥٤ـ شاوی، بورهان، "سینەمای کوردی و کورد لە سینەما" کوردەکان لە سینەمای سۆڤێتی، سەیدا (وەرگێڕ)، پەڕەنگ، ژمارە پێنج، ساڵی چوار، ئەڵەمانیا، جانیوەری ١٩٩٠
٥٥ـ سەرچاوەی ٢٥
٥٦ـ سەرچاوەی ١٣، لاپەڕە ٧ـ ٩ بۆلی وود، بەو فیلمە هیندییانە ئەوترێن کە لە «بۆمبای» هیندستان، دروست ئەکرێن. هەمان کات، تۆلی وود(تامیل)، لۆلی وود... تادیش هەن.
٥٧ـ هەمان سەرچاوە

## سەرچاوەکان


١ـ شاوی، بورهان، "سینەمای کوردی و کورد لە سینەما" کوردەکان لە سینەمای سۆڤێتی، سەیدا (وەرگێڕ)، پەڕەنگ، ژمارە پێنج، ساڵی چوار، ئەڵەمانیا، جانیوەری ١٩٩١
٢ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران شەوقی، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ٤١٤، ساڵی سیانزەهەم، ١٦ی دیسامبەری ٢٠٠٤، لاپەڕە ٦
٣ـ ڕێباز، زاگرۆس، بەهمەنی قوبادی لە دیمانەیەکی تایبەتدا، فیلمی «کیسەڵەکان دەتوانن بفڕن» نوێنەری سینەمای ئێران و کوردە بۆ فێستیڤاڵی ئۆسکار، کوردستانی نوێ، ساڵی سیانزە، ژمارە ٣٥٥٥، لاپەڕە ٩، ٢٤ـ١٢ـ٢٠٠٤
٤ـ گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە ٩٣ مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی، لەندەن، نەورۆزی ٢٠٠٥،
٥ـ المفرجی، احمد فیاض "فنانوا السینما فی العراق"، الموسسە العربیە للدراسات و النشر، بیروت، ١٩٨١
٦ـ فرید، سمیر،دلیل الافلام العراقیە، فیلمان فقط انتجا فی سنوات حصار العشر، لە گۆڤاری "سینما"دا، ژمارە ٣، نوڤمبرـ دیسمبر، پاریس ٢٠٠٠، لاپەڕە ٦٢ـ٦٤
٧ـ رمزی، کمال، سمیر فرید، عدنان مدانات، هاشم النحاس. "الهویە القومیە فی السینما العربیە" عبدالمنعم تلیمە «اشراف»، جامعە الامم المتحدە، مرکز دراسات الوحدە العربیە، مکتبە المستقبلات العربیە البدیلە الفنون و الاداب کعناصر الوحدە و التنوع فی الوطن العربی، بیروت، ئۆکتوبەری ١٩٨٦


## دیمانە و چاو پێکەوتنەکان


٨ـ ئێوارەکۆڕێک بۆ هونەرمەندان ناسر حەسەن، مستەفا ئەحمەد، جەلیل زەنگەنە، هۆڵی کوردستان، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی، لەندەن، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤.
٩ـ تەلەفزیۆنی کوردسات، چاوپێکەتن لەگەڵ بەهمەنی قوبادی، عەباسی غەزالی، (دووبارە) جانیوەری ٢٠٠٥، (زۆرینەی ناواخنی وتەکانی ئەم دوو بەرێزە لە دیمانەیەکی کوردستان تی ڤی دا پێشتر باسکرابوون).
١٠ـ ئێوارەیەکی خێزانی لەگەڵ کاک ناسر حەسەن، لەندەن، مارسی، ٢٠٠٥
١١ـ دەمەتەقێیەکی دۆستانە لەگەڵ کاک جەواد مەلا. هۆڵی ئیلینگ، لەندەن، مایسی ٢٠٠٥

12. African Cinema, Travs African Forum, Andres Appolon & Helen Watson( Research),( Interns African Forum, July 2000)
13. Banker, Ashok, ‘Bollywood’, Pocket Essential Film (London, 2001).
14. Cinema Book, Pam Cook, Mieke Bernink (Ed),( Second Edition, bfi Publishing, London, 1999).
15. Rio Cinema, 1st Kurdish Film Festival, 5-15 November 2001.
16. Rio Cinema, 2nd Kurdish Film Festival, 15-28 November 2002.
17. Rio Cinema, 3rd Kurdish Film Festival, 22 October-4 November 2004.

Websites:
18. BEAUX ARTS BALL, Adams, Sam ‘Scattered Seeds of Hanareh’: The New Kurdish Cinema
citypaper.net/articles/2004-02-19/screen.shtml

19. (HindustanTimes.com) WIDE ANGLE| Saibal Chatterjee
‘Tragic Iraqi film strikes Cannes’, Cannes, May 14, 2005,
www.hindustantimes.com/news/181_1361393,00110003.htm – ( 23/05/2005).
20. KURDICA, Hassanpour, Amir, ‘Kurdish-Cinema’
www.cogsci.ed.ac.uk/siamakr/KURDICA/1999/May/cinema.( 04/12/2003)
21. KurdishMedia.com,
Oz, Kazim, Cinema is not a tool, but a goal that’s a part of life itself, Kurdishmedia Interviews
www.kurdmedia.com/inter.asp?page=2
06 September 2001. (05/03/2005)
22. Kurdistan Iran: ‘Bahman Ghobadi and the Pain of Giving Birth to Kurdish Cinema’
www.Chris-Kutschera.com (The Middle East Magazine, November 2003) postmaster@chris-kutschera-com ENGLISH AFRICA-ASIA EUROPE KURDISTAN MIDDLE-EAST
www.chris-kutschera.com/A/bahman_ghobadi.htm
23. Kurdistan Observer: Ide, Wendy, reports, ‘Land and freedom’ The Guardian, Friday, January 31, 2003.
www.kurdistanica.com.
home.cogeco.ca/~observer/3-2-03-land-freedom-kurdish-cinema.html( 14/10/2004)
24. NEWROZ FILMS, ‘The London Guardian: Kurdish Cinema’ http://film.garguan.co.co.uk/features/featurepages/0,4120,88574,00.html
www.newrozfilms.com/kurdish_cinema_londonguardian.htm
25. Qantara.de2005, Farzanefar, Amin, Interview Mehmet Aktas and Bulent Kucuk, “Kurdish Cinema Really Started out with Yalmaz Guney”www.qantara.de/webcom/show_article.php/ _c-310/_nr-172/_p-1/i.html - (18/06/2005)
26. Qantara.de2005, Mirza, Ariana, ( Isabel Cole) ( Translator from German) ‘Bahman Ghobadi and New Kurdish Cinema’, “Ten Movie Theatres for 40 Million People”, published 22.02.2005
www.qantara.de/webcom/show_article.php/_c-310/_nr-172/_p-1/i.html - 52k (18/06/2005)
27. www.peyamner.com, 30th October2004


٢٠٠٥/٦/؟؟

# لەبەر شەپۆلی مۆزیکی کلاسیکی کوردیدا!
# لەگەڵ هونەرمەند «خالید ڕەشید»دا!

## پشکۆ نەجمەدین

خالید ڕەشید، هونەرمەندی مۆزیکزان و گۆرانیبێژ، ناوێکی دیار و سوارێکی چاپۆک لە کاروانی هونەری مۆزیک و گۆرانیی کوردیدا، هونەرمەندێک، وەک زانست مامەڵە لەگەڵ مۆزیک و داهێنانی هونەریدا دەکات و کارەکانی دەچنە خانەی نوێخوازی و نوێکردنەوەی مۆزیکی کوردی، لە چوارچێوە زانستییەکەیدا، هێشتا وەکو پێویست میدیای کوردی، ئاوڕی لێ نەداتەوە و کارەکانی وەکو هەن، هەڵناسەنگێندرێن و تیشکیان لەسەر ناخرێت.

دوو "سی دی"ی خالید ڕەشید، دەشێت وەکو دوابەرهەمی ئەم هونەرمەندە چاویان لێ بکرێت. "سی دی"ی «مۆزیکی کلاسیکی کوردی» بە پلەی یەکەم و پاشان "سی دی"ی «ئاشقنامە»، بوونە هەوێنی سازدانی ئەم کورتە هەڤپەیڤینە!.

*پ.ن: کاک خالید، با لە سیدیی «مۆزیکی کلاسیکی کوردی»یەوە دەست پێ بکەین... کەی دەستت بەم کارە کرد و چۆن بیرت لێ کردەوە؟!*

خالید: ئەم بەرهەمەم، دوو ساڵ و نیو پێش ئێستا، بۆ یەکەمجار ئامادە کرد. بەڵام لەبەر نەبوونی کۆمپانیایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە، زۆر درەنگ کەوت. برادەرێک، ١٠٠ دانەیەکی بۆ چاپ کردم، بەڵام لەبەر خراپیی گواستنەوەی دەنگ، بڕیارم دا خۆم لە چاپخانەیەکی سویدی چاپی بکەمەوە. ئەوانیش، ژمارەیەکی کەمیان بۆ چاپ کردم.

*پ.ن: بۆ ژمارەیەکی کەم؟!*

خالید: چونکە گوێگری ئەم جۆرە مۆزیکە زۆر کەمن. هەتا ئێستاش نەک لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، گوێگری مۆزیکی کلاسیکی ئەوروپاییش زۆر کەمن. هەر چۆن بێت، من ئەم کارەم کردووە، تا خزمەتێک بە مۆزیکی کلاسیکی



خالید ڕەشید

نەتەوەکەم بکەم و بەردێک لەسەر بناغەی ئەم هونەرە دابنێم. دەمەوێت، ئەم هەوڵە هونەرییە بە نەوەی ئێستا و داهاتووی ئەم گەلە ستەملێکراوە بناسێنم. دەمەوێت ئەوە نیشان بدەم کە مۆزیکی ئێمەش، وەکو مۆزیکی جیهانی، دەتوانرێت دابەش بکرێت و بە زمانێکی جیهانی بنووسرێت و ئامادە بکرێت.

*پ.ن: بیرۆکەی کارەکە؟!*

خالید: ئەم بیرۆکەیە، لە مێژ بوو بووبووە خولیام. بۆ یەکەمجار، لە ساڵی ٢٠٠١دا، لە شاری لینینگراد (سانت پیتەربۆرگ)، چاوم بە پرۆفیسۆرێک بە ناوی «ڤیکتۆر ڕەفایلۆف» کەوت. من باسی پرۆژەکەی خۆمم بۆ کرد و ئەویش پێی خۆش بوو هاوکاریم بکات و بەرهەمەکانم بۆ دابەش بکات و پاشان لەگەڵ ئۆرکێسترایەکی ئەوێدا، تۆماری بکەین. بۆ بەرەسمیکردنی کارەکەش، کۆنتراکتێکمان نووسی! دیارە هەر بەرهەمێک کە دابەش دەکرێت و پاشان تۆمار دەکرێت، دەبێت پێشتر کۆنتراکتێک بنووسرێت. لە جیهاندا، ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییانە وا دەکرێن. بە پێچەوانەی لای خۆمان، هەر کەسێک دێت و بێ کۆنتراکت، بەرهەمێک چاپ یاخود تۆمار دەکات!

*پ.ن: گرفتەکانی ئەم پرۆسەی چاپکردنە چی بوون؟.. دەمەوێت بڵێم: کارەکە چۆن بە دەستەوە هات؟*

خالید: ڕاستییەکەی، گرفتەکان زۆر بوون. ئەو کۆنتراکتەی باسم لێوە کرد، لە ڕۆژی ١٠ی دیسامبەری ساڵی ٢٠٠١دا، لە لایەن من و ئەو بەڕێزەوە ئیمزا کرا و بڕیار درا لە ڕۆژی ١ی مای ٢٠٠٢دا ئۆرکێسترا بێت و بەرهەمەکە تۆمار بکرێت. لە سات و وادەی خۆیدا کە چووینە شوێنی تۆمارکردن، پاش هەوڵ و کۆشانێکی زۆر لەگەڵ ئۆرکێستراکەدا، نەیانتوانی کارەکە بە باشی جێبەجێ بکەن. ئیدی ناچار بووین، ئۆرکێسترایەکی باشتر پەیدا بکەین. ئەم ئاڵوگۆڕە، بەناچاری کاتەکەیشی بۆ ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ دواخست و شوێنەکەیش کەوتە شاری مۆسکۆ. لەوێدا و لەو ڕۆژەدا، هەندێک لە ژەنیارانی ئۆکیسترای مۆسکۆ (نۆڤی ئۆپێرا)، توانییان هەموو پارچەکان تۆمار بکەن. پارچەمۆزیکەکانیش بریتی بوون لە: بووکی ئێوارە، غوربەت، هەناری گوڵهەناری، لێ لێ وەسێ، بە هەرمێ و ئەی ڕەقیب. دەبێت بڵێم کە هەردوو بەرهەمی (بە هەرمێ و لێ لێ وەسێ) دوا بەرهەم بوون کە ئامادەکران. لە ماوەی مانگێکدا کە چاوەڕوانی تۆمارکردن بووین، ئەو دوو بەرهەمە، لە لایەن "ڤیکتۆر ڕەفایلۆن"ەوە ئامادەکران و پاشان لە مانگی ١٠ی ٢٠٠٢دا، لە ماوەی هەفتەیەکدا، لە مۆسکۆ تۆمارمان کردن.

*پ.ن: تێچوون و مەسرەفی کارەکە چی؟!*

خالید: دیارە ئەم کارانە هیچی بە بەلاش نەکراوە. هەر لە ڕابەری ئۆرکێستراوە هەتا دابەشکار و ژەنیارەکان، هەر هەموویان پارەیان دەوێت. دیارە منیش چون ماوەی شەش ساڵە، خەریکی کاری لێکۆڵینەوەم و خوێندکارم، بە ڕاستی بە هەر جۆرێک بوو توانیم لە دەمی خۆمی بگرمەوە و تێچووی کارەکە دابین بکەم.

*پ.ن: پێم وایە، ئەم بەرهەمە پێشتر وەکو گۆرانی بڵاوکراوەتەوە، وا نییە؟!*

خالید: بەڵێ... ئەم بەرهەمە ساڵی ١٩٩٧، وەکو گۆرانی، بە ناوی «سیدی غوربەت» بڵاوم کردەوە و کلیپیشم بۆ هەندێکیان کردووە، وەکو بووکی ئێوارە. ئەم بەرهەمانەم لەگەڵ عەلی شاکوری ئامادە و تۆمار کردوون. ئەمانە هەندێکیان ئاوازی خۆمن و هەندێکیشیان فۆلکلۆرن.
























*پ.ن: پێتان وایە کە ئەم بەرهەمە (مۆزیکی کلاسیکی کوردی)، بیسەری خۆی لە کوردستاندا هەبێت؟!*

خالید: هونەری موزیکی کلاسیک، هێشتا لە کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتی نێوینیشدا، بە گوێی خەڵک نامۆیە. گوێگرانی موزیک لە ئاسیا و ڕۆژهەلات و جیهانی سێیەم، هەر کە گوێ لە پارچە موزیکێکی کلاسیک دەگرن، دەڵێن ئەوە "بیتهۆڤن"ە. هەر وەک چۆن کاتی خۆی، ئێمەش هەر کەسێکی سووروسپیمان لە کوردستان بدیبا، دەمانگوت: ئەوە ئینگلیزە! یاخود هەر زمانێکی ئەوروپاییمان گوێ لێ با، بە ئینگلیزیمان دەزانی! هونەری موزیکی کلاسیک، لە ڕۆژاوادا، نزیکەی ١٠٠٠ساڵێک دەبێت کاری لەسەر دەکرێت و بووەتە موزیکی جیهانی و ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا چێژی لێ وەردەگرن.

من پێم وایە، هەر شاکارێکی جوان (نووسین، هۆنراوە، شانۆ، وێنەکێشان، موزیک....هتد)، خوێنەر و بینەر و بیسەری خۆی هەن. بەرهەمی داهێنراو و ڕەسەن، خوێنەر و بیسەر و خەڵکێکی زۆر لە خۆی کۆ دەکاتەوە. دیارە خەڵکانێکی دڵڕەش و ڕقئەستووریش هەن کە چاویان بە بەرهەمی سەرکەوتوودا هەڵنایە و هەوڵ دەدەن ببنە لەمپەری ئەو سەرکەوتنە! من ناموێت بە بەرهەمی خۆمدا هەڵبڵێم و ئەوە بۆ مێژوو بە جێ دێڵم... با مێژوو مەحەکی بەرهەمە سەرکەوتووەکان بێت.

*پ.ن: ئەمڕۆ میدیای کوردی (بەتایبەت تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان)، ڕۆشنایی لەسەر کۆمەڵێک گۆرانیبێژ دادەنێن، کە هەندێکیان هونەرمەندی جیددی نین و بەرهەمەکانیشیان تاموچێژی کوردییان پێوە دیار نییە. خالید ڕەشید وەکو هونەرمەندێک کە لە دیدی منەوە هەم هونەرمەندێکی ڕەسەنە و هەمیش زانستییانە مامەڵە لەتەک هونەری موزیکدا دەکات، کەمتر تیشکی لەسەر دەهاون!... هۆی ئەمە، کەمیی بەرهەمەکانتە، یان چی؟!*

خالید: نەبوونی ڕووناکایی پێویست لەسەر بەرهەمەکانم، هۆی کەمیی بەرهەمەکانم نییە. لەڕاستیدا من بەرهەمم کەم نییە. هۆیەکەی ئەوەیە کە من ماستاوم خوڕەی نایەت و نەمتوانیوە و ناتوانم خۆم فێری هونەری کلکەلەقێ بکەم. ئەگەرنا، ئەوە پتر لە ساڵێک زیاترە، بەرهەمم بۆ تەلەڤزیۆنەکان تۆمار کردووە و بڵاوی ناکەنەوە. ئەو کارمەندانەی لە بواری تەلەڤیزیۆندا کار دەکەن، هیچیان لەو بوارەدا نەیانخوێندووە. ئەوان بەبێ خوێندن خۆیان فێری کارەکە کردووە. ئەوان ئێستاش، کەتەلۆگی کامێرا و دەستگاکانی مۆنتاژیان باش نەخوێندووەتەوە و تائێستاش ناتوانن وەکو پێویست سوود لە تواناکانی ئەو دەستگایە وەربگرن. هەربۆیە ئەگەر بەرهەمێکیش باش نەبێت، من تا ڕادەیەک گلەییان لێ ناکەم. ئەوان پتر بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان و خێزانیان کار دەکەن. هیوادارم ئەو بەڕێزانە لێم زویر نەبن. من چ گرفتێکی تایبەتم لەگەڵ ئەواندا نییە و دەستخۆشیشیان لێ دەکەم و کارەکانیان بە کەم هەڵناسەنگێنم. من دەزانم کە بواری خوێندنی ئەکادیمی لەو کایە هونەرییانەدا، لە وڵاتی ئێمەدا نەڕەخساوە. دانەساکاویی دۆخی کوردستان و بوونی شەڕ و دووبەرەکی، زۆر بواریان ئیفلیج کردووە.

*پ.ن: لەسەر سیدیی ئاشقنامە کە ساڵی ٢٠٠٤ چاپ کراوە، چی دەڵێن؟*

خالید: سیدیەکە ٧ بەرهەمی لە خۆ گرتووە. بەرهەمەکانیش:

١ـ زەوی و ئەوین، شیعری لەتیف هەڵمەت
٢ـ سەربازی ون، شیعری عەبدوڵا پەشێو
٣ـ مەڵبەندەکەی مامەیارە، شیعری لەتیف هەڵمەت
٤ـ ئەوین و مەحاڵ، شیعری حەمەسەعید حەسەن،
٥ـ باڵەبان
٦ـ لەو ڕۆژەوە لەگەڵمانیت، شیعری عەبدوڵاپەشێو
٧ـ شیوەنێک بۆ هەڤاڵی هاوڕێم، مەقام/ هەڤاڵ مایاوایی.

دیارە موزیک و ئاوازەکان خۆم دروستم کردوون.

*پ.ن: پەیامتان بۆ خوێنەران و بیسەرانی دەنگ و هونەری خۆتان چییە؟!*

خالید: دەمەوێت، خوێنەران و بیسەرانی دەنگ و مۆسیقای خۆم ئاگادار بکەم کە ئێمە لەگەڵ ئەم هەموو سانسۆر و دژایەتییەی کە دەکرێین، خاوەنی چ "موعانات" و گرفتاری چەند هەزار داوی وردین. من، سوپاسی هەموو دڵسۆزانی کورد دەکەم کە دەست بخەنە سەر ویژدانی خۆیان و بە چاوی خۆیان دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی ببینن کە چۆن بۆ هەندێک قۆرخ کراون و خۆیانیان لێ بووەتە قارەمانی هونەری کوردی و هەموو دەوروبەریشیان لێ بووەتە شاگردی هونەری. هەندێک گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیشیان لێ بووەتە مۆڵکی خۆیان.

بژین ئەوانەی لە پێناوی ڕاستیدا دەمرن!

پ.ن: ئێوەش بژین و تەمەنی پڕ لە داهێنانی هونەریتان بۆ دەخوازین و هەر سەرکەوتوو بن.

ستۆکهۆڵم/ سوید

# شەڕەکانی دژی سەددام

(بەشی سێیەم)

**نووسینی: جۆن سیمپسن**
**وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی**

## ١- کوردان لە شەڕدا

ئێمە لە هەولێر ئەرکێکی سەرنجڕاکێشمان لە ئەستۆ بوو و مەترسیش گەلێک کەم بوو، بەڵام هەندێ جار، بۆ نموونە کاتێ کە هەواڵنێری CNN، بڕێنت سەدلر لەسەر پردێک زەق لەبەر چاوی هێزە عیراقییەکانی ئەو بەر پردەکە، خەریکی تۆمارکردنی بابەتێک بوو بە کامێرا، بۆی هەبوو خومپارەیەکمان تێ بگرن. جارێکیان، گوللەی تۆپێک زۆر لەنزیکەوە بەسەر سەری «جولیان مەنیۆن»ی ITN و ئەندامانی گرووپە فیلمهەڵگرەکەیدا تێپەڕ بوو و کەمێکی مابوو لەو ماڵە بدرێت وا ئێمە بۆ ڕاپۆرتدانی پێشکەوتنەکان کەڵکمان لێ دەبینی.

شەڕی [لای] ئێمە جیاوازییەکی زۆری نەبوو لەوانی لای ڕۆژنامەنووسەکانی ناوجەرگەی شەڕ کە لەگەڵ هێزە ئەمریکایی و بریتانییەکان لە باشوور سەفەریان دەکرد. لە زۆر لایەنەوە سەرنجڕاکێشتر و ئەستەمتریش بوو، بەڵام بۆ شاردنەوە نابێت کە ئێمە لە باکووری عیراق هەستمان دەکرد بەتەواوەتی لە شوێنێکی هەڵەین. (پیتر سیسەنس، وێژەری بەرنامەی هەواڵی ٢٤ سەعاتەی بی بی سی، کە پێشتر بەرنامەی دانسقەی هەواڵی سەعات ١٠ی شەوی لە کەناڵی یەکەمی بی بی سی دا بەڕێوە دەبرد، ئەوەی لەکاتێکدا پێگوتم کە وتووێژەکەمان بڵاو دەکرایەوە. دیارە ئەوە کارێکی زۆر میهرەبانانە نەبوو ئەو کردی، بەڵام من نەمدەتوانی ئیدانەی بکەم.) تەنیا ماوەیەک دواتر بوو کە من بەراوردی یادداشتی برادەرەکانی ناوجەنگەی شەڕم کرد و تێگەیشتم ئەوە شەڕێک بوو کە تێیدا جگە لە سێ چوار هەواڵنێر هەموو کەس هەستی بەوە دەکرد کە بارودۆخی ئەوانی تر لە هی ئەو باشترە.

هەرچۆنێک بێت، ئێمە هەموو کاتەکانمان خراپ ڕانەبوارد. یەک ئەو کارە باشانەی کردمان بە کرێگرتنی خزمەتکاریی وێنەگرێکی ئەفغانی هێدی و لەسەرخۆ بوو بە ناوی عەبدوڵڵا زەهیروددین، هاوڕێیەکی شیرین بە هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆیەوە کە توانای دۆستایەتیکردنی هەر هەموو کەسی هەبوو. کوردان خۆشیان دەویست، لەبەرئەوەی عەبدوڵڵا بەپێی عادەت



ئەنوەر سوڵتانی

جامانەیەکی کوردیی ڕەش و سپی لە دەوری ملی خۆی دەئالاند، چەشنە فارسییەکیشی قسە دەکرد کە ئەوان تێی دەگەیشتن و دەیتوانی قانعیان بکات کە ئەفغانی و کورد خزمی یەکترن. لە ماوەی سالانی حکوومەتی کۆمۆنیستەکان لە ئەفغانسان، عەبدوڵڵا کەوتبوە تەکسی لێخوڕین بۆ ئەوەی ژیان بباتە سەر، بەڵام بەختێکی باشی هەبوو کە جارێکیان «جۆن بڕنس»ی نیویۆرک تایمزی بە هەڵکەوت سوارکردبوو و جۆن دەستبەجێ پەی بە توانای بەرزی ئەو بردبوو و لە پاشماوەی مانەوەیدا لەوێ خزمەتی ئەوی بە پارە کڕیبوو...

... یارمەتیی سەرەکی عەبدوڵڵا بۆ هەواڵناردنی ئێمە لەمەڕ شەڕ، بریتی بوو لەو پێوەندە دۆستایەتییەی وا لەگەڵ فەرماندەی ناوچەیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێکەوەی نابوو کە ناوی نەریمان بوو و هەموو بەرەی پێشەوەی بەشی هەولێری بەڕێوە دەبرد، کە ڕاست ڕوو بە ڕووی پێگەی عیراقییەکان بوو لە هەردوو بەرەی کەرکووک و موسڵ و لەسەر ئەو ڕێگایەش بوو، کە بە ١٨٠ کیلۆمەتر لای باشوور، ڕاستەوخۆ بەرەو بەغدا دەچوو.

نەریمان، بە هۆی عەبدوڵڵاوە، کە وەک برای خۆی خۆشی دەویست، ئیجازەی مانەوە و فیلمهەڵگرتنی لە هەر شوێنێک کە بمانویستایە، پێ دەداین. ئەگەر بیتوانیایە، تۆم جایلز و منی بە هێڵی بەرەی پێشەوەدا دەبردە موسڵ، بەڵام نە ئەو و نە دوو کەسی تەواو جێی گومانی خۆجێیی کە «کرەیگ سامرس» گرێبەندی لەگەڵیان بەستبوو، نەیاندەتوانی ئەم کارە بگەیێننە ئەنجام. هەرچۆنێک بێت، ئێمە لە هەموو ئەو هەواڵنێرانەی وا لە ناوچەکەی ئێمە ئیشیان دەکرد، دەستمان باشتر بە شەڕەکە ڕادەگەیشت.

تیمەکەمان گەورەتر بووەوە. ئێمە وەک تاقمی فیلمهەڵگری تەلەفیزیۆن ترومبێلێکی چوار ــ بە ــ چوار و هەروەها لێخوڕ و تەرجومان و خەڵکی وامان بە کرێ گرت کە ڕۆژنامەمان بۆ بخوێننەوە و دەستڕاگەیشتنی تایبەتمان بە کافەیەکی ئینتەرنێتی پەیدا کرد کە لە نزیک خۆمان بوو. هەموو کەس ئێمەی دەناسی: وا دیار بوو هەموان سەیری ڕاپۆرتی ئێمەیان بۆ سەرقیسی جیهانیی بی بی سی دەکرد. ڕۆژێکیان هەر چوومە ناو قاعەی ئوتێلەکەمان بە ناوی بورجی هەولێر، زەلامێکی بالابەرزی بەخۆوە لە دەوروبەری سەرەتاکانی بیست ساڵیدا هەستایە سەر پێ و بەخێرهاتنی کردم. زیاتر لەوە دەچوو ڕێبەری گرووپێکی [مۆسیقای] مەکزیکی بێت تا کورد، گەلێک ڕازاوە و تەڕپۆش و لەچاو قەلافەتەکەی، زۆریش گورجوگۆڵ و بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵسوکەوتێکی بەئەدەبی هەبوو.

"من ناوم کامەرانە، جەناب!" ئەوەی بە حاڵەتی کڕنۆشەوە گوت و درێژەی دا: "من لەسەر تەلەفیزیۆن تۆم بینیوە و پێم خۆشە کارت بۆ بکەم."

بە عادەت من بە خەڵکی وام دەگوت بچن لەگەڵ «لۆکی بۆیچیڤ»دا قسە بکەن، کە بەرپرسی کاری بە کرێگرتن (و دەرکردنیش بوو و وا وێ دەچوو کە ئەمەیانی پێ خۆشتر بێت). بەڵام ئەم کامەرانە توانایەکی سەرنجڕاکێش و هەندێک ساکاری هەبوو، کە من بەلامەوە خۆش دەهات. لە کاری بەکرێگرتنی تەرجوماندا گرنگ ئەوە بوو کەسێکی وا بگری بتوانی باوەڕی پێ بکەی کە ڕاستت پێ دەڵێت و لە بارودۆخی ئەستەمیشدا لەگەڵت دەمێنێتەوە. ئەوە گرنگتر بوو لەوەی یەکی

وا بدۆزیەوە ئینگلیزییەکەی تەواو بێت و شەهادەی باشی هەبێت. من خۆم وام پێ چاکترە خوێندکار بە کرێ بگرم، لەبەرئەوەی ئەوان بە عادەت ئیدەئالیسمێکیان سەبارەت بە خۆیان هەیە، کە مەیلی بەوەیە بەسەر هەڵسەنگاندن و قسەکردنی فەرمی خەڵکانی بەساڵاچوودا زاڵ بێت.

گوتم: "لەلای منەوە باشە، بەڵام دەزانی ئیشی ئێمە گەلێک جار مەترسیدارە! ئێمە زۆربەی کاتمان لە هێڵی پێشەوە[ی شەڕ] دەبەینە سەر."

من دەمتوانی هەست بە چاوەچاوی خەڵکی بێکەڵکی پشت مێزی پێشوازیکردن و نیگای فزوولی ئاپۆرەیەک بکەم کە لە هۆڵی ئۆتێلەکەدا بێ ئیش دانیشتبوون و سەیری تەلەفیزیۆنی ئەلجەزیرە و بی بی سی یان لەسەر شاشەی گەورەی سەر دیوارەکە دەکرد و هەر کار و چالاکییەک دەبووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجیان، دیارە بەکرێگرتنی کەسێکی خۆجێییش سەرنجڕاکێشترین چالاکی بوو.

من کامەرانم بەرەو مەسعەدەکە برد. لەوێ دەبوایە هەواڵێک بنێررێت و منیش نەمدەویست زۆر لەوێ بخولێمەوە. ماوەی زۆری پێ دەچوو بۆ ئەوەی مەسعەدەکە دەرکەوێت؛ فەرمانبەری ئۆتێلەکە عادەتیان بەوە بوو لەجیاتی پیاسەکردن، تاقە یەک قاتی سەروەش بێت بە مەسعەدە بچن.

کامەران هێشتا هەر بیری لەو قسەیە دەکردەوە کە من پێم گوتبوو.

گوتی: "من کاری پڕڕووداوم پێ خۆشە" و بە چەند قسەیەک درێژەی پێ دا، کە ڕاستەوخۆ چوونە ناو دڵمەوە: "دەشمەوێ ببم بە برادەری تۆ." دەستی هێنایە پێشێ و من دەستیم گوشی، بە شێوەیەک کە لام وایە تەئییدی چارەنووسەکەی کرد. مانگێک زیاتر لە ژیانی نەمابوو.

کامەران تەرجومانێکی باش بوو. لەوانەی بوومان لە هەموان باشتر. کەسێکی نەترسیش بوو. کارێکی بێ تام و هەندێک دوور لە ئوسووڵ بوو پێی بڵێی کە ئێمە بە ڕادەی پێویست چاکەتی گوللەبەندمان نییە و ناتوانین یەکیان بدەینە ئەو. تەنانەت هەر ئەو وەخت من بڕیارم دا جارێکی تر هەرگیز بەبێ کەرەستەی پێویست بۆ هەموو ئەندامانی تیمەکەمان، دەست لە کاری وا نەدەم.

کامەران زۆر باش بوو لەوەدا کە ئاڵۆزی و ناسکیی سیاسەتی کوردییم بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە عیراقی سەددام کەمتری دەزانی: ئەو سێزدە ساڵان بوو کاتێ کە بەگوێرەی دەستپێشخەریی جۆن میجەر لە ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆییەکی نیوەچڵیان پێ درا. لێم پرسی ئایا هەموو ڕێگاکەمان لەگەڵ دێت؟ وەڵامی دایەوە: ئێنشائەڵڵا؛ ئەوەش لەڕاستیدا کارێکی جەسوورانەی جیددی بوو.

تا هەفتەی سێهەمی مانگی مارچ هێزەکانی




کورد یەک لە دوای یەک بەرەو پێش دەچوون و هێزە عیراقییەکان وردە وردە دەکشانە دواوە، گوند و هەروەها سەنگەر و هەندێ جار سەرجەمی ناوچەیەکی بەرینی ویشکاژۆیان بۆ بە جێ دەهێشتن.

جارێکیان ئێمە وامانزانی کە گرنگترین هەواڵی شەڕی تا ئەودەمەمان دۆزیوەتەوە. گوندێکی بچووک، کە هێزەکانی عیراق تازە بەتاڵیان کردبوو، کوردەکان دەریانخست کە قوتابخانەیەکی ڕاهێنان بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بیۆلۆجیکی تێدا بەڕێوەچوە. بەسەر دەرگاکەوە پارچەمەقەبایەک بوو ناوی ئەفسەری مەسئوولی بەسەرەوە نووسرابوو: ئەفسەری چەکی کیمیایی. تاقمێکی زۆری بەڵگەنامە، لەسەر زەوییەکەی و چەندین پلاکارد بە دیواری کەلاسەکەوە داکوترابوون. زۆربەیان دەریان دەخست کە مودیرییەتی گازی ژەهراوی کەڵکی لێبینیبوون: چۆن چەکەکان ئاگر بدرێن، چۆن سەربازەکان خۆیان لە کارتێکەریی چەکەکان بپارێزن. من تەلەفۆنم بۆ مێزی هەواڵ [بی بی سی] کرد؛ ئەوان سەبارەت بە ئیحتیمالی مەسەلەکە شاگەشکە بوون.

تۆم جالیس و من دەمانزانی پێویستە سەداسەد لە مەسەلەکە دڵنیابین؛ سەدا ٩٩ بەس نەبوو. بەداخەوە ئەو ڕۆژە کامەرانمان لەگەڵ نەبوو. تەرجومانی ئەو ڕۆژەمان کەسایەتییەکی بەڕێز بوو، بەڵام ئینگلیزییەکەی هەمیشە هەندێ ئەستەم بوو تێی بگەیت و تۆم و من هیچکاممان بەتەواوەتی لێی دڵنیا نەبووین. تۆم خەریکی هەواڵناردن بوو. ئێمە بەڵگەکەمان بردەوە ماڵی هێڵی پێشەوەمان، کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەیڕوانییە شوێنی [سوپای] عیراقییەکان، لەوێ بە یارمەتی ئەو، وشە بە وشە بە بەڵگەنامەکەدا چووینەوە:

پیاوە هەژارەکە هەوڵێکی زۆری دا.

"ئایا تێیدا بەوردی گوتراوە کێ چەکەکان بە کار دەهێنێت؟"

تەرجومان کەوتە ڕوونکردنەوەیەکی پڕ تەم و مژ و دوور لە تێگەیشتنی ئێمە.

"ئەی باشە، ئەفسەرەکە دەیەویست چی فێری پیاوەکانی بکات؟ ئایا چۆنیەتیی پاراستنی خۆیان کاتێ کە ئەمریکاییەکان گاز بە کار بهێنن؟"

ئینگلیزییەکی ئاڵۆزی دوور لە تێگەیشتن.

گوتم: "لام وانییە ئەم هەواڵە شیاوی ڕاگەیاندن بێت یاخود لای کەم من وا بیر دەکەمەوە کە هەواڵەکە شیاوی ڕاگەیاندن نییە."

تۆم بۆی لە ملی دام و گوتی: "پێویستە دڵنیا بین."

دەمانزانی حکوومەتەکانی بریتانیا و ئەمریکا چەندە خۆشحاڵ دەبن ئەگەر بێت و ئێمە هەواڵێک ڕابگەیێنین کە نیشانەی ئەوەمان دۆزیوەتەوە کە هێزەکانی هێڵی پێشەوەی عیراق بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئامادە دەکرێن.

تیمێکی تەلەفیزیۆنی ئەمریکایی ئەم کارەی کردبوو بێ ئەوەی سەلماندنێکی تەواوی لەگەڵدا بووبێت. ئێمە تەرجومانە گێژبووە هەژارەکەمان بانگ کردەوە و جارێکی دیکەش خستمانە بەر پرسیار. لەقۆناغێکدا وا دەردەکەوت کە هەموو شتەکە بریتی بێت لەوەی کە کرداری ڕستەکە کرداری مەعلووم بێت یا مەجهوول. لە قۆناغێکی دیکەدا ئەوەی کە ئایا کردارەکە دەبێت بە «وایە» تەرجەمە بکرێتەوە یاخود بە «دەکرێت وا بێت؟" ئینگلیزیی کابرا لەژێر ئەو هەواڵانەدا بەتەواوەتی لەبەریەک چوو و دەستی کرد بە عەرەبی قسەکردن.

تۆم گوتی: "خۆ لەوێدا وانییە."

لام وایە من مەزندەی شتەکەم کردبوو. لەو قۆناغەدا هێشتا باوەڕم وابوو عیراقییەکان چەکی کۆمەڵکوژی تاکتیکییان هەیە لەقۆناغێکدا بە کار بهێنن. بەڵام ئەگەر چەکەکان لەبەر دەستی هێزی بەربەرەکانیکەری بە ڕادە نزمی وەک ئەمانەدا بوایە، ئەوا بێگومان کەسێک دەبوایە پێش ئێستا بە کاری بهێنایەن.

سەعاتێک دوای ئەوەی من تەلەفونم بۆ مێزی هەواڵ کرد بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیێنم هیچ ڕاپۆرتێکمان بۆ هەواڵی ئەو شەوە نییە، تەرجومانەکە بە دوو بەڵگەنامەی ژێر باخەڵییەوە هاتە ناو ژوورەکە و ڕایگەیاند: "بەکاریان ناهێنن، تەنیا فێرکردنە."

ئێمە زانیمان هیچ نەبێت کارێکی بەجێمان کرد. بەڵام زۆر بەداخەوە بووم کە ئەو ڕۆژە کامەرانمان بە جێ هێشت و نەمانبرد. ئەگەر ئەو بوایە، ئەو ماوە دوورودرێژەی پێ نەدەچوو بۆ ئەوەی پێمان بڵێت هەواڵەکە ڕاست نییە.

# ئاییندەی چارەنووسسازی کورد
# لە دیدی «خالد ساڵح»ـەوە

ئامادەکردنی: **مەڵبەند**


خاتوو سنار تاڵەبانی و د. خالید ساڵح



ئاییندەی کوردستان لە عیراقدا

لە ڕۆژی سێشەممەی ڕێککەوتی ٣١/٥/٢٠٠٥ لە زانکۆی «سەواس»ی بەڕێز خالد ساڵح سیمینارێکی پێشکەش کرد و کاکڵەی ئەو کتێبەی کە بە ناوی "ئاییندەی کوردستان لە عیراقدا"، بە بەشداریی نووسەرانی بیانیی بەناوبانگ؛ بێراندن ئولیری و جۆن ماکگری نووسیبووی، خستییە ڕوو و بە ئامادەبووانی ناساند.

لە سیمینارەکەدا، کە لەلایەن خاتوو نسار تاڵەبانییەوە پێشکەش کرا، بەڕێز دۆکتۆر خالد جەختی لەسەر چەند خاڵێکی چارەنووسساز کرد کە لەمەڕ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی لە گۆڕەپانی عیراقدا ڕوویانداوە لە چەند ماوەی ڕابوردوودا و باس لە داهاتووی دەستکەوتی کارگێڕیی و سیاسیی گەلی کورد دەکات.

سەرەتا لە چوارچێوەی دەستکەوتی، یاخود بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە، پێی وابوو ئەمە کارێکە زیاتر پێویست بەوە دەکات کە شارەزایی ئەجندای سیاسیی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی کورد بین، بۆیە بابەتەکە وەکو ئایا کوردستان ببێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی چی لێ دێت!؟ بووە ئەو تەوەرەی کە باسی لەسەر بکرێت و لێدوان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، کە ئەمەش لە ڕوانگەیەکەوە بوو کە پێی وابوو باشتر وایە کوردستان لە چوارچێوەی عیراقدا، واتە عیراقی فیدراڵدا، بمێنێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ئەگەر مایەوە گیروگرفتەکان چی دەبن؟ چ جۆرە فیدراڵییەکیش دەبێت؟ هەروەها ئایا ئەڵتەرناتیڤەکان بۆ ئەم جۆرە فیدراڵییەتە چی دەبن؟

بەڕێزیان پێیان وابوو باشتر وایە عیراق بەسەر پێنج هەرێم دابەش ببێت، نەک سێ هەرێم و هەرێمەکانیش بەم شێوەیە بێت:

دەوڵەتی عیراقی فیداڵ

ـ هەرێمی کوردستان
ـ دوو هەرێم بۆ شیعە (خواروو و ناوەڕاست)
ـ هەرێمی سوننە
ـ هەرێمێکی سەربەخۆ لە بەغداد

لەکاتێکدا ئەگەر شیعە زۆرینەی دەنگەکانی لە کاتی هەڵبژاردندا بە دەست هێنا، دەتوانێت هەرێمە سەربەخۆکەش بە دەست بهێنێت. سەرەڕای ئەمەش چەند پێشبینییەکی هەبوو کە پێی وابوو وا چاوەڕوان دەکرێت کە پاراستنی هەرێمی کوردستان وەکو خۆی دەمێنێت، ئەمە لەکاتێکدا کە هەردوو ئیدارەی یەکێتی و پارتی یەک دەگرنەوە و پێی وابوو کە سەروەریی قانوونیی کوردستان لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسیی گەورە و هاوکاتیش هەرێمی کوردستان باشترین فاکتەری ڕێگەگر دەبێت لە بەرانبەر ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عیراقدا.

سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووکیش پێی وابوو کە دەبێت مەسەلەی کەرکووک بە شێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکرێت، بەڵام بە پشتبەستن بە چەند بنەمایەکی مرۆڤانە و قانوونی دەبێت، کە بۆ زامنی ئەم چارەسەرەش باشتر وایە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عیراقی فیدراڵدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەمەش دەبێت لەسەر بنەمای دوو میکانیزم بێت کە ئەوانیش میکانیزمی ڕۆڵی خودی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی قەبارەی دانیشتووان و هەرێمەکەیدا و میکانیزمی قەبارەی گەورەیی و گرنگیی ئاستی سیاسی و کارگێڕیی هەرێمی کوردستانە لە عیراقی فیدراڵدا، کە دەبێت لەم دوو نێوەندەدا هاوسەنگییەک دروست بێت بۆ کارئاسانکردن و یارمەتیدانی گیروگرفت و مەسەلە چارەنووسسازەکانی گۆڕەپانی ڕامیاریی عیراق.

ئەمە و سیمینارەکە لە کاتژمێری ٨ تا ١٠,٣٠ی ئێوارەی خایاند و تێیدا چەندین کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و کەسانی ئەکادیمی ئامادەی بوون.

ڕانانی کتێب: مەڵبەند

١

# پیاونامە

گولبژێرێکی ژیاننامەی تێکۆشەری نەمر عەلی عەسکەرییە.

لەم گولبژێرەدا کۆمەڵێ نووسەر و شاعیر و سیاستمەدار و سەرکردەی عەسکەری و پێشمەرگایەتی هاوکارییان کردووە لە بەرزکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری ڕاستییەکانی ژیان و خەباتی شەهیدی ناودراردا، وەکو بەڕێز محەمەدنوری تۆفیق کە دەڵێت: "عەلی عەسکەری ئەو زیندووناوەیە کە لە ساڵی ١٩٥٦ـەوە لە شاری کەرکووک هاتۆتە ناو خەباتی نەتەوایەتی کورد، ڕۆڵی مەزنی هەبووە لە هاندانی خەڵکی کورد لەو شارە و لە دەوروبەریدا، کە چالاکانە بەشداری بکەن لەو سەرژمێرییەی ساڵی ١٩٥٧دا، کە بۆ ئێمەی کورد بۆتە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ کوردستانیەتی کەرکووک و دەوروبەری."

هەروەها وەکو د. عبدالستار تاهیر شەریف لە هاوبەشێکەی خۆیدا نووسیویەتی و دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٥٩ کاک عەلی لە کاتی ڕووداوەکانی کەرکووکدا دەورێکی باڵای لەگەڵ شێخ حوسێن بەرزنجیدا بینی بە ناوی "لیژنەی ئاشتی" لە کەرکووک شەقام بە شەقام بە سەماعەوە «بڵندگۆ» بە سەیارە ئەسوڕایەوە خەڵکیان قەدەغە ئەکرد کە دەستدرێژی نەکەن..."

ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە دەسەلمێنێت کە کورد وەکو نەتەوە و پارتیی دیموکراتی کوردستان وەکو یەکە نوێنەری ئەو ساڵانەی کورد، نەک هەر ڕۆڵی نەبوو لە ئاژاوەی تەمموزی ١٩٥٩ی کەرکووکدا، بەڵکو سەرکردە ناوچەییەکانی خۆشی هان داوە کە ڕۆڵی ئاشتیخوازانەیان هەبێت و خەڵکەکە بۆ هێوربوونەوە هان بدەن.

عەلی عەسکەری، ئەو سەرکردە نەترسە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٨دا لەسەر تەعداکردن لە دوکاندارێکی کوردی کەرکووک، هێرشی بردە سەر مەخفەرێکی پۆلیس و ئەفسەر و هەموو پۆلیسەکانی بە دەستبەسەری ڕەوانەی دەرەوەی شار کرد.




هەرچەندە ئەمە کێشەیەکی گەورەی نایەوە لەنێوان حکوومەتی بەغدا و باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی، بەڵام عەلی عەسکەری هەمیشە لەو بڕوایەدا بوو و دەیگوت: "ئێمە چەکمان بۆ پاراستنی کورد هەڵگرتووە، لە کەس قبووڵ ناکەین کوردەکان سەرزەنشت بکەن..."

هەر ئەم هەڵوێستەی عەلی عەسکەری بوو، بووە هۆی ئەوەی تا چەند ساڵێک کە دەسەڵاتی حکوومەتی نەتوانێت لە کەرکووکدا هیچ هەڵەیەک دژ بە کورد بکات.

عەلی عەسکەری، ئەو سەرکردەیە بوو کە هەمیشە هەوڵی بێوچانی داوە کە ناکۆکی نەکەوێتە ناو هێز و حیزبە کوردییەکانەوە، چونکە بەتەواوی لەو بۆچوونە ڕاستەقینەیەدا بوو کە هەموو ناکۆکییەک دوژمنانی کورد سوودی لێ وەردەگرن.

هەر عەلی عەسکەریش بوو کە ڕۆڵی مەزنی هەبوو بۆ چوونە لای نەمر مەلا مستەفای بارزانی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و یەکگرتنەوەی هەردوو باسکەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٧٠دا.

هەروەها عەلی عەسکەری لەگەڵ دوکتۆر خالیدی شەهید لەو سەرکردانە بوون کە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، زوو بە زوو لە ساڵی ١٩٧٦دا، کەوتنەوە دامەزراندنەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ و هەڵسانەوەی نەتەوەیی کوردی باشووری کوردستان، بەڵام بەداخەوە عەلی عەسکەریش وەکو دەیان تێکۆشەر و ڕووناکبیری تری نەتەوەکەمان، لە شەڕی نەگریس و نەفرەتلێکراوی براکوژی و خۆکوژیدا شەهید کرا.

لە نووسینی بەشەکان و بابەتەکانی ئەم کتێبەدا، چەندین بەڕێزی وەکو شێرکۆ بێکەس، جەمال عەبدول، نەوشیروان مستەفا، سالار عەزیز، جەمال حەکیم، حەمەنوری تۆفیق، عەلی بچکۆل، د. عبدالستار شەریف، د. ئەحمەد کەمال


عەلی عەسکەری و موحسین دزەیی ـ ماوەت، ١٩٦٤

ڕەشید و شێخ ڕەئوف عەسکەری و چالاک تاڵەبانی و... هتد بەشدارییان کردووە.

جگە لە پێشەکییەکی بەپێزی مامۆستا جەمال عەبدول و شیعرێکی شۆڕشگێڕانەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، هەندێ لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە هەڵگری ئەم ناونیشانانەن:

ـ شەهید... دەمێک بوو نەفرەتی لە شەڕی ناوخۆ کردبوو. فەرەیدون عبدالقادر.

ـ شەهید عەلی عەسکەری ئیعلانی شۆڕشی نوێی کرد. سەلاح قەزاز.

ـ نوێبوونەوەی شۆڕش و تراژیدیای مەرگی سەرکردەیەک. مەحموود ئەحمەد.

ـ شەهید عەلی عەسکەری، لەو چەند کەسە کەمە بوو کە ویستی ئاڵای شۆڕش نەنەوێت. مەحموودی مەلا عیزەت.

ـ کورتەباسێک دەربارەی ژیانی شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری و خێزانەکەی. سەبیحەخانی هاوسەری شەهید.

لەکۆتاییدا ئەم کتێبەدا لەگەڵ ئەو هەموو زانیارییە مێژووییانەی دەرخستنی ڕاستیی تێکۆشانە بێوچانەکانی خودی عەلی عەسکەریی شەهید، ڕۆشنبیریی ئەو، تواناکانی لە وتووێژ و چارەسەرکردنی چەڵەمە گەورەکانی نەتەوەکەمان، توانا و سەبوورییەکانی لە جۆری مامەڵەی هەڤاڵانە لەگەڵ سەرجەمی ئەو پێشمەرگە و تێکۆشەرانەی لەگەڵیاندا خەباتی کردووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ناوی کتێبەکەی، بەتایبەتی لەم ئانوساتەی سەرخستنی ژیار و شارستانییەتەدا، دەبوو وشەیەک لەو وشەی «پیاونامە»یە باشتر و نوێتر بدۆزرایەتەوە بۆ کەسێکی تێکۆشەر و ئینساندۆستی وەکو عەلی عەسکەری، چونکە ئەو لە پیاو گەورەتر، تێکۆشەر بوو، ماندوونەناس بوو، ئینسان بوو.

*پیاونامە: نووسینی کۆمەڵێک هاوڕێی شەهید، ئامادەکردنی حەمەنوری تۆفیق، سلێمانی، ٢٠٠٤، وەزارتی ڕۆشنبیری، ٤٦٣ لاپەڕە.*